گوڵکەند


Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (٨)

چوارشەممە ٢٠٢٥/١/١٥

# سیحری بەردە سپییەکانی قەرەچوخ



دیمەنێکی چیای قەرەچوخ لە کاتی دەرهێنانی بەردی سپی

وێنە: نیاز قارەمان

## سێ بانکی تر دەچنە ناو پرۆژەی هەژماری من

# تەواوی مووچەی فەرمانبەرانی پارێزگای هەولێر دیجیتاڵییە

ڕێبەند سەعدوڵا

تا ئێستا ٧٠٠ هەزار کەس لە (هەژماری من) تۆمار کراون و لەو ژمارەیەش ٣٥٠ هەزار کەس کارتەکانی هەژماری منیان ڕادەست کراوەتەوە، لە سنووری پارێزگای هەولێریش مووچەی سەرجەم فەرمانبەران و خانەنشینان بەدیجیتاڵی کراوە.

بەپێی نوێترین زانیاریی تیمی (هەژماری من) کە بە (گڵکەند) دراوە، بۆ مووچەی داهاتووی فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٥٠ هەزار کەس لە ڕێگەی هەژماری منەوە مووچەکانیان وەردەگرن.

ئێستا لە پارێزگای هەولێر مووچەی کاش نەماوە، بە تەواوی بووە بەدیجیتاڵی، هەروەها بەم زووانە هەژماری من لە سنووری پارێزگای دهۆکیش بۆ تەواوی مووچەخۆران دروست دەکرێت و پرۆسەی ناونووسکردنەکە لە کۆتاییدایە.

بەپێی زانیارییەکانی تیمی (هەژماری من)، پرۆسەکە لە سنووری پارێزگای سلێمانی کەمێک خاوە و ئامانجیانە تا ناوەڕاستی ئەمساڵ مووچەی سلێمانییش بە تەواوی بکرێت بە دیجیتاڵی.

سەرەتا هەژماری من لە چەند فەرمانگەیەکی هەولێر بە شێوەی ئەزموونی دەستی پێ کرد، بۆیە لە پایەتەخت پێش پارێزگاکانی تر تەواو بوو.

زانیارییەکانی تیمی (هەژماری من) ئاماژە بەوە دەدەن کە لە سەرەتای پرۆسەکە، ئامێرەکان کێشەیان بۆ دروست دەبوو، چونکە بەهۆی کۆبوونەوەی لەناکاوی مووچەخۆران لەسەر ئامێرەکانی ئەی تی ئێم پارەیان تێدا نەدەما، دواتر لەگەڵ بانکەکان ڕێک کەوتن بۆ ئەوەی ژمارەی تیمەکانی پڕکردنەوەی پارە زیاد بکەن، ئەوە بوو هەندێکیان لە سێ تیمەوە زیادیان دەکرد بۆ ١٥ تیم، ئێستا ئەم کێشەیە بنبڕ کراوە.

لە سەرەتادا بەشێکی ئامێرەکان کارەبای حکوومەتیان پێ نەدەگەیشت، بەڵام ئێستا تەزووی کارەبا لە ڕێگەی وزەی خۆرەوە بۆ بەشێکی ئامێرەکانی ئەی تی ئێم دابین کراوە و ئەم کێشەیەش چارەسەر بووە.

تیمی (هەژماری من) ڕوونکردنەوە لەبارەی کێشەی بەشێک لە مووچەخۆران دەدات کاتێک کۆدە نهێنییەکانیان لەبیر دەکەن و لەسەر ئامێری ئەی تی ئێم بە هەڵە کۆد لێ دەدەن، دوای چەند هەوڵێکی هەڵە کارتەکە لە کار دەخرێت بەمەبەستی پاراستنی، کەچی لە ئەنجامدا بەشێک لە مووچەخۆران وا دەزانن کێشە لە ئامێرەکاندا هەیە و نازانن ئەگەر کۆد بەهەڵە لێ بدەیت کارتەکە ڕادەگیرێت.

چاوەڕێ دەکرێ دوای ئەوەی بەم نزیکانە مووچەی دوو پارێزگای کوردستان بەتەواوی کرا بە دیجیتاڵی، ژمارەیەکی زۆری ئامێری (پی ئۆ ئێس) لە بازاڕ و مارکێتەکان دابندرێت، بۆ ئەوەی فەرمانبەر بتوانێ ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی کارتەکەیەوە ڕۆژانە شمەک و پێداویستییەکانی خۆی لە بازاڕەکان بکڕێت، نەک بە یەک جار هەموو پارەکانی لە ئامێری ئەی تی ئێم دەربێنێ، چونکە لە کۆتاییدا پارە هێشتنەوە لەناو هەژماری بانکیدا دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری و مووچەخۆریش دەتوانێ بڕێک پارە لەناو کارتەکەیدا پاشکەوت بکات.

هەروەها بەپێی تیمی (هەژماری من)، بەم زووانە سێ بانکی تر دەچنە ناو هەژماری من، لە کاتێکدا ئێستا هەشت بانک ئەندامن لە هەژماری مندا، بەمەش ژمارەی بانکەکانی بەشداربوو لە هەژماری من دەگاتە ١١ بانک.

لەبارەی ئەگەری پێدانی قەرز و سولفەشەوە، تیمی هەژماری من بەردەوامن لە هەوڵەکانیان و داوایان لە بانکەکان کردووە ئۆفەرەکانیان ئامادە بکەن، تا لە داهاتوودا دەست بەپێدانی قەرز بکەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی تا ئێستا دۆخی پێدانی مووچە لە کاتی خۆیدا جێگیر نەکراوە، جارێ نەیانتوانیوە ئەو خزمەتگوزارییە بەردەست بکەن.



وێنە: محەمەد شوانی

حکوومەتی هەرێمی کوردستان مانگی شوباتی ساڵی ڕابردوو دەستپێشخەریی (هەژماری من)ی ڕاگەیاند، کە پرۆگرامێکی گشتگیری داراییە، بەمەبەستی دابینکردنی ڕێگایەکی پارێزراو و گونجاو بۆ فەرمانبەران، هێزە ئەمنییەکان و خانەنشینانی کەرتی گشتی بۆ دەستڕاگەیشتن بەمووچەکانیان.

ئامانج لە پرۆژەکە هەوڵی مۆدێرنکردنی کەرتی بانکی و بەرەوپێشبردنی گەشەی ئابوورییە لە هەرێمی کوردستان و خێراترکردنی پرۆسەی بە دیجیتاڵکردنی حکوومەتە.

لەم ڕێگەیەوە فەرمانبەرانی کەرتی گشتی، خانەنشینان و هێزە ئەمنییەکان بەشێوەیەکی پارێزراو و شەفاف، لە ڕێگەی تۆڕێک لە ئامێری پارە (ئەی تی ئێم)ەوە کە زیاتر لە هەزار بنکە لە تەواوی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، دەتوانن دەستیان بە مووچەکانیان بگات، کە ئاسانکاری دەکات بۆ دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە بانکییە مۆدێرنەکان، لەوانەش قەرز، پاشەکەوتکردن و پارەدانی دیجیتاڵی.

بەم کارە پارەدان بۆ نزیکەی یەک ملیۆن فەرمانبەر، هێزە ئەمنییەکان و خانەنشینی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بەمامەڵەی کاش کەم دەکاتەوە و کارایی حکوومەت و شەفافیەت زیاتر دەکات.

# چیاکانی کوردستان بوونە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان

محەمەد دەرگەڵەیی

بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگا شاخنشینەکان لە ڕێگەی گەشەپێدانی بەردەوام، زیادکردنی وەبەرهێنانی کەرتی گشتی و تایبەت، هەروەها بۆ پەرەپێدانی ستراتیژی بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکانی کەشوهەوا و پاراستنی گیانداران، هەرێمی کوردستان بووە ئەندامی هاوبەشی هاوپەیمانیی چیاکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

لە ڕۆژی ١١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤دا کە ڕۆژی جیهانیی چیاکان بوو، بۆ یەکەم جار لەم ڕۆژەدا هەرێمی کوردستان بوو بەئەندامی فەرمیی هاوپەیمانییەتیی هاوبەشی چیاکان، کە هاوپەیمانییەکی نەتەوە یەکگرتووەکانە و تایبەتە بە باشترکردنی ژیانی کۆمەڵگە شاخاوییەکان.

بۆ ئەم مەبەستە یەکەی گۆڕانی کەشوهەوا لە نووسینگەی سەرۆک وەزیران لە هەرێمی کوردستان، لە بەیاننامەیەکدا ڕای گەیاند "لە ڕۆژی جیهانیی چیاکاندا، هەرێمی کوردستان بە شانازییەوە ئەندامییەتیی فەرمیی خۆی لە هاوبەشی چیاکان ڕادەگەیەنێت، کە هاوپەیمانییەکی نەتەوە یەکگرتووەکانە و تایبەتە بە باشترکردنی ژیانی کۆمەڵگە شاخاوییەکان و پاراستنی ژینگەی چیاکان لەسەر ئاستی جیهان".

هەرێمی کوردستان بە پەیوەستبوون بەم هاوپەیمانییەوە، بەشدار دەبێت لەگەڵ هەوڵە جیهانییەکان بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگا شاخنشینەکان لە ڕێگەی گەشەپێدانی بەردەوامەوە.

ئەم پابەندبوونەش خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی دانیشتوانی چیاکان مسۆگەر دەکات، لەگەڵ پاراستنی بەردەوامبوونی ئیکۆسیستەم و سەرچاوەکان بۆ بەرژەوەندیی مرۆڤ و هەسارەی زەوی.

ئەم هاوپەیمانییە کە لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە دامەزراوە، هاوپەیمانییەکی خۆبەخشانەی حکوومەت و ڕێکخراوەکانە، کە پێکەوە کار دەکەن بۆ گەشەپێدانی بەردەوامی چیاکان، ئەمەش لە ڕێگەی تۆڕێکی جیهانیی شارەزایان و سەرچاوەی جیاوازەوە، کە دەستپێشخەرییەکە بۆ چارەسەری ئاستەنگە ژینگەییەکان بەرجەستە دەکات، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و ئیکۆسیستەمی بەردەوام لە ناوچە شاخاوییەکان لە سەرانسەری جیهاندا.

بەیان سامی عەبدوڕەحمان ڕاوێژکاری باڵای مەسرور بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری دەرەوە و گۆڕانی کەشوهەوا لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە چیاکانی هەرێمی کوردستان بەشێکی دانەبڕاون لە ناسنامە و کولتوور و کەلەپوورمان.

پەناگە بوون و سەرچاوەی ئاون. گۆڕانی کەشوهەوا هەڕەشە لە کۆمەڵگە چیانشینەکان دەکات و هەمەجۆریی زیندەوەر دەخاتە مەترسییەوە.

هەروەها بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانیی چیاکان کار دەکەن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە کۆمەڵگای چیاکان دەتوانن خۆ بگونجێنن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و بە بەردەوامی بژین.

داواشی لە زانکۆکان کردووە توێژینەوەی ئاست بەرز ئەنجام بدەن لەبارەی کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوا لەسەر ئیکۆسیستەمی چیاکان.

هەرێمی کوردستان پاش ئەوەی لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوو پەیوەندیی بەم هاوپەیمانییەوە کرد، کەیسی چیاکان و ڕۆڵی گرینگیان بۆ هەمەجۆری زیندەوەر، ئاو و سەرچاوە دارستانییەکان بەجیهانی دەرەوە گەیاندووە.

لە کۆنفرانسی COP29شدا لە ئازەربایجان، شاندی هەرێمی کوردستان بەشداریی لە گفتوگۆ و پانێڵی جیاوازدا کرد لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەم بابەتەوە، لەوانەش دەستپێشخەریی نێودەوڵەتیی کەشوهەوای کرایۆسفیەر (ICCI) کە تێیدا گفتوگۆ کرا لەسەر گرینگیی سەهۆڵ و شەختە و بەفری سەر چیاکان، هەروەها چارەکردنی کاریگەرییە بەردەوامەکانی گۆڕانی کەشوهەوا لەسەریان، جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئامانجی ڕێککەوتننامەی پاریسیش کرایەوە بۆ ڕاگرتنی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما لە ١,٥ پلەی سەدی.



وێنە: محەمەد دەرگەڵەیی

# کونسوڵی گشتیی تورکیا:
# هەولێر بە 14 ساڵ بوو بە شارێکی پێشکەوتوو



وێنەکان: سابر چالی

ئەگەر خانەخوێت هەولێری بێت، ئەرکت قورسە

سەردار ستار

پێ دەچێت خێروبێری هەولێر بەتەنها بۆ هەولێرییەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستان نەبێت، بەڵکو زۆرن ئەو نوێنەر و دیپلۆماتکارە بیانییانەی لە یەکەم ئەرکی جیدییاندا، وەک کونسوڵی گشتی ڕەوانەی شاری «پیرە قەرات» دەکرێن.

نموونەیەکی ئەم دیپلۆماتکارانە کونسوڵی گشتیی تورکیایە، کە ئەگەرچی بۆ ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە لە ئەرکی دیپلۆماسیی جیاجیادا کار دەکات، بەڵام ئەم پۆستەی لە هەولێر یەکەم ئەزموونیەتی وەک کونسوڵی گشتی کە بەرزترین دەسەڵاتی دیپلۆماسییە لە هەر کونسوڵخانەیەک.

ئێرمان تۆپچو ساڵی ٢٠٢٤ وەک کونسوڵی گشتیی تورکیا لە هەولێر دەستی بەکار کردووە، بەڵام ئەمە یەکەم سەردانی بۆ هەرێمی کوردستان نەبووە. لە ڕاستیدا، نزیکەی ١٤ ساڵ بەر لە ئێستا، ئێرمان تۆپچو هەولێری وەک ژوانگەیەک بۆ یەکەم ساڵیادی هاوسەرگیریی خۆی هەڵبژاردووە.

لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ (گڵکەند)، تۆپچو باس لە سەرسامیی خۆی بەژیانی کولتووری و سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکات و پێی وایە ئەگەرچی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرە زۆر بەهێزن، بەڵام هێشتا بوارگەلی زۆر ماون کە هەردوولا دەتوانن وەبەرهێنانی لەسەر بکەن.

کونسوڵی گشتیی ئێستای تورکیا، ساڵی ٢٠٠٩ لە یەکەم ئەرکیدا وەک کارمەندی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی نێردراوەتە بەغدا و ساڵێک دواتر ڕەوانەی هەولێر کراوە بۆ ئامادەکاریکردن بۆ کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا لە پایەتەختی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بەو کاتە، ئێرمان تۆپچو دەڵێ هەندێک ڕۆژ پێویست بوو بۆ شت کڕین سەردانی شارۆچکەی عەنکاوە بکەین، بەڵام لە ڕاستیدا لە نێوان نووسینگەکەمان و عەنکاوە تەنها چۆڵەوار هەبوو. ئەو بە سەرسامییەوە دەڵێ تەنها لەم ١٤ ساڵەی دواییدا، ڕووخساری هەولێر بەتەواوی گۆڕاوە بۆ شارێکی پێشکەوتووی مۆدێرن.

لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەپەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، تۆپچو قەبارەی ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان بە ٢٠ ملیار دۆلاری ساڵانە لەگەڵ عێراق مەزەندە دەکات و دەڵێ لە کۆی ئەم ٢٠ ملیارە، مەزەندە دەکرێ ٣٠٪ی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بێت. هەڵبەت، بە گوتەی کونسوڵی گشتیی تورکیا، لە ئەگەری دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەم ڕێژەیە زۆر بەرزتر دەبێتەوە.

بەگوتەی ئەو، پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان و هەولێر لە ڕووی ئابوورییەوە "چیرۆکێکی سەرکەوتن"ە کە دەکرێ هەموو لایەک شانازیی پێوە بکەن. دەشڵێ تورکیا شانازی بەوە دەکات لە ڕێگەی وەبەرهێنان و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی خۆی، دەستی هەبووە لە نووسینەوەی ئەم چیرۆکە.



کونسوڵی گشتیی تورکیا سەیری کتێبی (هەولێر لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا) دەکات


هەر سەبارەت بەم باسە، تۆپچو ئاماژە بە ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان دەکات و دەڵێت قەبارەی وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان نزیکەی دوو ملیار دۆلارە، کە ئەمەش تورکیا دەکاتە یەکەم وڵات لە ڕیزبەندی وەبەرهێنەرە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستان.

لە درێژەی دیمانەکەدا، کونسوڵی گشتیی تورکیا ئاماژە بە خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیل دەکات و دەڵێ کە ترافیکی زۆری ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ئەم دەروازە نێودەوڵەتییەی کردووەتە یەکێک لە گەورەترین دەروازەکانی جیهان و دەرچەیەکیشی بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بەڕووی ئەورووپادا کردووەتەوە.

ئاشکراشی دەکات کە کردنەوەی دەروازەی سنووریی نوێ لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە بەرنامەی کاری هەردوولادا هەیە، ئەمەش لەم ساتەدا گرینگییەکی زۆری هەیە کە پلانی (ڕێگای پەرەپێدان)ی عێراق لە بەندەری فاو تا ناو خاکی تورکیا باسێکی هەنووکەییە، پێویستە هەموو خەڵکی ناوچەکە سوود لەم پڕۆژەیە ببینن، بەڵام ئەوەش دەڵێ کە تورکیا بەشدار نییە لە گفتوگۆکانی سەر ڕێڕەوی پڕۆژەکە لە ناوخۆی عێراقدا.

ئێرمان تۆپچو، کە ئێستا لەگەڵ خێزانەکەیدا لە هەولێر دەژیت، دڵخۆشیی خۆی بە کولتووری میواندۆستیی هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێرییەکان بەتایبەتی دەردەبڕێت و دەشڵێ میوانداری تەنیا پەیوەست نییە بە کورد و تورکمان، بەڵکو ئەو یەکتر قبووڵکردنە ئەرێنییە لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا دەبیندرێت، هەروەها پێی وایە کە ئەمە ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر نێردەی دیپلۆماسی و سەرجەم هاووڵاتییانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان، چونکە پێویست دەکات ئەوانیش لە ئاست میواندۆستی و چاوەڕوانییەکانی خانەخوێی خۆیان بن. هەر بۆیەشە تۆپچو لە کۆتاییی دیمانەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە پەیوەندیی سیاسیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا لە بەرزترین ئاستدا پەیوەندییەکی بێ وێنەیە، بەڵام پێویستە ڕەنگدانەوەی هەبێت لە پەیوەندیی نێوان خەڵکی تورکیا و هەرێمی کوردستانیش.

## ٣٠٠ لۆ هەولێر



شێرزاد هەینی

### شۆستە

شۆستە، بە چەندان زمان ناوەکەی دەنووسمەوە، یان پێویست ناکات هەموو دەتوانن ناوەکان بدۆزنەوە، گرنگ نییە، کە دەڵێم شۆستە هەموو دەزانن مەبەستم چییە! ئەوەی لێرە مەبەستمە بەکارهێنان و سوودەکانی بنووسمەوە؛ لە شەقام، شار، شارەوانی، شارەدێ، شینایییەکانە؛ شۆستە بۆ پیادە، پەیکەر، پاکوخاوێنی، پەڕینەوە، پایسکل، پەیامی ریکلام دانراوە!

شۆستەکانی بە خشت، بەرد، مەڕمەڕ، خۆڵ، چیمەن دروست کراون بۆ خزمەتی گشتی، بۆ جوانی چاو، هەناسەی ڕێبواران دانراون، بەڵام لێرە لەو هەولێرە، لە شارەکانی تریش، هەر هەولێر وا نییە، لە هەموو شارە گچکە و گەورەکانی ناوچەکە وایە!

بەداخەوە لەو شارە و شارەکانی تریش، زۆرتر شۆستە دروست کراوە یان زەوت کراوە بۆ نوقتەی پاسەوانی، ژووری بچووکی نارێکی مانەوەی پیاوە چەکدارەکانی ماڵی بەرپرسی حزبەکان و کەمێکیش دەسەڵاتدارانی حکوومەت داگیریان کردوون، کە لەبەر دڵنیایی و ئارامی شارەکان و سەلامەتی خەڵکەکە، کامیراکان، هیچ شوێنێک پێویست بە پاسەوان و دانانی بۆدی، کارڤانە، ژووری بچووکیش ناکات، هەموو کەس لە موڵک و ماڵیان دڵنیان، نازانم بۆ بەرپرسەکان بەگومانن، دەترسن، پاسەوانی زۆریان هەیە!؟

شۆستەکان بوون بە شوێنی مەولیدەی گەورەی کارەبای ماڵە دەوڵەمەندەکان، کە بە ترەترڕی زۆر و دووکەڵی ژەهراویی ڕەشەوە، تەواوی گەڕەکەکەیان هەراسان و بێزار کردووە، یان بوون بە گەراجی لۆری و شۆفڵی گەورەی پان و کۆن و نوێی بەڵێندەر و خاوەن کارگە و کۆگەکان!

ناکرێ وابێت! بەڵام لەو ڕۆژگارەدا، رووبەڕ و پانی و درێژییەکانی شۆستە نازدارەکان، لەلایەن دوکاندارە گەورەکانی بازاڕ؛ بە مەتر، بە ژمارەی کاشی بەکرێیان داون بە دەستفرۆش، عارەبانچی، پینەدۆز، شەربەتفرۆش، کارگە، جگەرەفرۆشی بەنگلادیشی، مێزی دۆلارفرۆش و لەفەفرۆشەکان

شۆستەکانی ئەو شارە؛ خوارن، شکاون، تەسکن، بەرینن، تەجاوزی زۆریان لەسەر کراوە!

شۆستە نەخۆشەکانی شارەکەم پیسن، بێخزمەتن، بێنازن، بێکەسن، لە هەندەک شوێن بەرزن، دوایی نزم و نەوی دەبنەوە، لێژن، کیربستۆنەکانی شکاون، ڕەنگیان سڕاوەتەوە! ڕێبوارەکان ماندوو دەکەن، ساتمەی لەسەر دەکەن!

لەسەر شۆستەکاندا، بواری درەختێک نەماوە سەرسام سەیری ڕێبوارەکانی بکات، بواری سێ گەنج نەماوە، قسەی دڵیان بۆ یەکتری بکەن، بواری تێدا نییە بسکی کیژێک، چاوی نازدارێک، نازی دڵدارێک، سێلفییەکی تێدا بگرێت، یان پەیکەری ناودارێکی لەسەر دابنرێت.

# نیو سەدەیە لە کۆیە تەون دەکات



وێنە: شلێر سەعید

پەیمان ئەبوبەکر: کار بۆ ژن گەنجینەیە

**شلێر سەعید**

ژنە کۆیییەکی تەمەن ٦٢ ساڵ، نزیکەی نیو سەدەیە لە کارگەی مافووری کۆیە کار دەکات، ساڵەکانی سەرەتای کارکردنی بە عەشقەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن شەوانە ئۆقرەی نەدەگرت تا ڕۆژ هەڵبێتەوە و بەیانییەکەی بچێتەوە سەر کارەکەی، ئێستاش دڵتەنگە بەوەی کۆتایی بەو ماوە درێژەی کارکردنی دێت و خانەنشین دەبێت.

پەیمان ئەبوبەکر ساڵی ١٩٦٣ لە کۆیە لەدایک بووە، لە ١٩٧٩ لە کارگەی مافووری شارەکە کار دەکات، لە دیدارێکی (گڵکەند)دا باسی جاران دەکات کە چەند کارەکەی خۆشویستووە، هەرچەندە کارەکەی وەک چنینی مافوور قورس بووە، بەڵام ئەوکات کچێکی گەنج و بەتوانا بووە، بە حەز و ئارەزووەوە ڕۆژانی کارکردنی خۆی لەناو کارگەکەدا بەڕێ کردووە.

پەیمان خان دەڵێ "یەکەم جار لە شازدە ساری وەک شاگرد لە کارگە دامەزرام، دوایێ کرامە کرێکاری بەرهەمهێنان، هەموو قۆناغەکانم لەناو کارگە بڕی، ئێستاش بەرپرسی کۆگام". ئەو هەموو ڕۆژێ لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە تا دوو و نیوی دوای نیوەڕۆ لە دەوام بووە، دوای ئەوەش دەچووە قوتابخانەی (نەهێشتنی نەخوێندەواری) و تا شەشی سەرەتایی تەواو کردووە. باسیش لەوە دەکات کە سەرەتا مووچەکەی چوار دیناری عێراقی بووە و چونکە ڕۆژانەش ئیشی زیادەیان هەبوو، بە زیادەی مووچەوە هەندێک مانگ هەشت، نۆ دیناری وەردەگرت، دەشڵێ «ئەوکات بە پارەی مووچەکەم زێڕم دەکڕی، هێشتا بەشێک لە زێڕەکانم ماون».

هەروەها باسی کارگەی مافووری کۆیە دەکات کە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی ئەودا، ٣٠٠ کارمەندی ئافرەتی لێ بووە، نیوەڕۆیان لەوێ خواردن ئامادە کراوە و هەر بۆنەیەک هەبوایە هەمووان بەیەکەوە بەشدارییان دەکرد و کۆمەڵگەیەکی بچووکیان بۆ خۆیان دروست کردبوو، بەڵام ئێستا تەنها ٣٠ کارمەند لەوێ ماون، زۆربەی ئەوانی تر خانەنشین بوون و کارمەندی نوێش دانەمەزراون، بەم هۆیەوە ئێستا کارەکانی کارگەکە بە سستی بەڕێوە دەچن.

ئەو کارمەندە دێرینەی کارگەکە بەهۆی لێهاتوویی و ئەزموونی لە کارەکەی، چەندین جار بانگهێشت کراوە بۆ شارەکانی کوردستان تا سەرپەرشتیی دامەزراندن و کردنەوەی کارگەی چنین بکات، بەڵام دڵتەنگە بەوەی شوێنی کارکردنی جارانی دوا کەوتووە و هیوای دەخواست ئەو کارگە بەناوبانگەی شارەکە لە جاران باشتر بێت و پیشەسازییەکەیان زیاتر برەوی پێ بدرێت. پێشنیازیش دەکات حکوومەتی هەرێمی کوردستان گرنگیی زیاتر بەو کارگەیە بدات لە چوارچێوەی گرنگیدان بە بووژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی لە کوردستاندا، وەک خۆی دەڵێ "لە کۆتاییدا قازانجەکە بۆ هاووڵاتییان و دەوڵەتیشە".

سەبارەت بە بەرهەمەکانی کارگەکەش، خاتوو پەیمان باس لەوە دەکات کە بەرهەمی مانگانەی نزیکەی (١٠٠) مەتر بووە، ئەگەر مەترێکی کەم بوایە لە (١٠٠) مەتر ئەوا هەڕەشەی سزادانیان لێ دەکرا، بۆیە ئەوانیش هەوڵیان دەدا بەرهەمەکانیان بگەیەننە (١٠٠) مەتری تەواو، هەروەها کاتێک بەرهەمیان زیاد بوایە پاداشت دەکران، دەشڵێ «کە مافوورەکان تەواو دەبوون، لە هۆڵەکە دەمانپێوانەوە، داخوا چەند مەترە و لەسەر پارچە قوماشێکی سپی، درێژی و پانییەکەمان دەنووسییەوە، لەژێریشەوە دەماننووسی معمل سناف العراق- کویسنجق».

پەیمان ئەبوبەکر بە شانازیشەوە ئاماژە بەوە دەدات کە بەهۆی ئەوەی بەرهەمی کۆیە لە بەرهەمی زۆربەی شارەکانی تر جوانتر بوو، لە بەڕێوەبەرایەتیی هەولێرەوە پێیان گوتوون نابێ بنووسن کویسنجق، بەڵکو با هەمووی تێکەڵ بێت، دەنا بەم شێوەیە کار دەکاتە سەر بەرهەمەکانی کارگەکانی دیکەی ناوچەکە، بۆیە ناچار بوون ناوی کویسنجق لێ بکەنەوە، تا دوای ڕاپەڕین دووبارە دەستیان کردەوە بە نووسینی ناوی بەرهەمی مافووری کۆیە.

جاران ئەو کارگەیەی کۆیە مافووری جۆراوجۆری بەرهەم دەهێنا، بەڵام ئێستا بەرهەمی کەمتر بووەتەوە، لە هەمان کاتیشدا هەندێک جار لەسەر داواکاریی خەڵک، مافوور بە وێنەی ئاڵای کوردستان یان وێنەی کەسایەتییەکان دەچنن، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی کارەکانیان بەسستی بەڕێوە دەچێ و مانگانە تەنها چەند مەترێک بەرهەمیان هەیە.

کارگەی مافووری کۆیە بۆ پەیمان ئەبوبەکر ماڵێک بووە، هیچ کات ئامادە نەبووە بەجێی بێڵێ، هەرچەندە وەک خۆی باسی دەکات چەندین جار بەهۆی ئەو کارگەیەوە نەخۆش کەوتووە و جاری واش هەبووە لە زۆر شوێنی باش دەرفەتی بۆ ڕەخساوە، بەڵام هەر کارگەکەی خۆی پێ باشتر بووە. دەشڵێ چەند مانگێکی ماوە بۆ خانەنشین بوون، ئەوکات بە ناچاری دەچێتەوە ماڵ و واز لە کارەکەی دێنێت، بەڵام ڕەنگە درێژە بە کارەکەی بدات لە شوێنی تر، ئاواتیش دەخوازێ هەموو ژنێک کاری خۆی هەبێت، تەنانەت ئەگەر دەوڵەمەندیش بن، پەیمان ئەبوبەکر دەڵێ «کار بۆ ژن گەنجینەیە».

کارگەی مافووری دەستکردی کۆیە لە ١٩٧١\٥\١ کراوەتەوە، ئێستا دەکەوێتە ناوەندی شاری کۆیە، تا ئێستاش کارگەکە کراوەیە و چەند ژنێک کاری تێدا دەکەن، لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا چەند هۆڵێکی بۆ زیاد کرا و نۆژەن کرایەوە، دەنا بە گشتی کارگەکە بەشێوەی جارانی و وەک خۆی ماوەتەوە.

# بەخشین لە هەولێر جلوبەرگ بۆ کەسانی کەمدەرامەت کۆ دەکاتەوە

**هەژار مەجید**

لە ڕێگەی پڕۆژەیەکەوە بەناوی (بەخشین)، هاوشێوەی چەند وڵاتێکی ئەورووپی، لە گەڕەکی خواپێداوەکانەوە جلوبەرگ و پێڵاو بۆ خێزانە کەمدەرامەتەکان کۆ دەکرێتەوە.

لە شاری هەولێر ڕێکخراوێکی خۆماڵی لە ڕێگەی ئەو کارەوە دەیەوێت هاوکاریی هەژاران بکرێت کە توانای کڕینی پێداویستییەکانیان نییە، بەبڕوای ئەوان مرۆڤدۆستی لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە.

ئاری دڵشاد بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە ڕێکخراوی یەکترقبووڵکردن باس لە سەرەتای پڕۆژەکەیان دەکات و دەڵێ ساڵی ٢٠٢١ لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە سەرجەم وڵاتانی جیهانی خستە نێو قەیرانێکی قووڵی داراییەوە، هەرێمی کوردستانیش هاوشێوەی وڵاتان ڕووبەڕووی ئەو قەیرانە بووەوە، بۆیە بڕیاریان دا لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیە کە ناویان ناوە پڕۆژەی بەخشین، هاوکاریی خێزانە کەمدەرامەتەکان بکەن.

ئاری دڵشاد، بۆ بڵاوکراوەی (گڵکەند) باس لە جۆری کاڵا و چۆنیەتیی کۆکردنەوە و دابەشکردنەوەیان دەکا و دەڵێ «پرۆسەکە خۆی لە کۆکردنەوەی جلوبەرگ و پێڵاو دەبینێتەوە، لە ڕێگەی دانانی چەند بۆکسێکەوەیە کە لە گەڕەکە دەوڵەمەندەکان دامان ناون، دوای کۆکردنەوەیان، بەسەر خەڵکی گەڕەکە هەژارنشینەکان و بەشێک لە کەمپی ئاوارەکان دابەش دەکەین».




تیمەکانی بەخشین لەکاتی کۆکردنەوەی هاوکارییەکان

پڕۆژەکە لە سەرەتاوە بە دانانی ١٠ بۆکس بۆ کۆکردنەوەی جلوبەرگ و پێڵاو لە چەند گەڕەکێک دەستی پێ کرد، دوای پێشوازیی گەرمی خەڵک، ئێستا ژمارەکە بۆ ٥٤ بۆکس زیاد کراوە.

ڕێکخراوەکە لە پلانیدایە ژمارەکە بۆ ٣٠٠ بۆکس زیاد بکات، جگە لە کۆکردنەوەی جلوبەرگ و پێڵاو، بەنیازن ژمارەیەک بۆکس تایبەت بە خۆراکی وشک و پێداویستییەکانی تر دابنێن.

بە گوتەی ئاری دڵشاد، لە سەرەتای گۆڕانی وەرزەکان جلوبەرگی زۆرتر دەخرێنە نێو بۆکسەکانەوە، بۆیە لەو کاتانە ڕۆژانە بۆکسەکان دەکەنەوە، بەڵام لە کاتی ئاسایی هەفتانە بۆکسەکان دەکرێنەوە.

دەشڵێ بەشێک لە کەسانی خێرخواز پێڵاو و جلوبەرگی نوێ لە نێو بۆکسەکان دادەنێن، باس لەوەش دەکات کە سەرجەم بۆکسەکان لەلایەن کەسانی دەوڵەمەند و چەند کۆمپانیایەکەوە دروست کراون.

لەبارەی ئەو هاوکارییانەی کە لە ڕێگەی پڕۆژەکە و بۆکسەکانیانەوە کۆ کراونەتەوە سەرۆکی ریکخراوەکە دەڵێ تاوەکو ئێستا نزیکەی ٣٤٠ تۆن لە ڕێگەی خێرخوازانەوە کۆ کراونەتەوە و کەسانی کەمدەرامەت لە تەمەن و ڕەگەزە جیاوازەکان سوودیان لێ بینیوە

ڕێکخراوەکە لە پلانی دایە پڕۆژەکە بباتە پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان.

# دیلیڤەری

# کاسبییەك بە تامی ماتۆڕسواری

**دوین ئاریان**

دەوروبەری دوازدەی شەوە، لە ئەپڵیکەیشنی دیلیڤەرییەکە داوای گواستنەوەی ژەمە خواردنێک لە چێشتخانەیەکی فاست فوودەوە دێت تا بیگوازمەوە ماڵی کڕیارێکی ئەوسەری گەڕەکی ٣٢ی پارک، کە دەبینم خواردنەکە بریتیە لە پاکەتێکی بچوکی پەتاتەی فینگەر. سیامەند ڕەشید ئەوها باسی یەکێک لەو بەسەرهاتە سەرنجڕاکێشانە دەکات کە ڕۆژانە لە کاتی دیلیڤەریی خواردندا لە هەولێر ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

سیامەند تازە لە گەیاندنی خواردن بۆ ماڵێکی دەوروبەری چێشتخانەیەکی هەولێر گەڕاوەتەوە و بەدەم دانانی کڵاوە نارنجییەکەی دەست بەقسەکردن دەکات بۆ (گڵکەند) و دەڵێ «لەوانەیە وەبزانی کابرا فەقیرە لۆیێ بەس فینگەرەکی داوا کردیە، بەرام مەسەلە فەقیری نییە، عالەم مەغرور بووینە، حەزیان بچتە چ، یەکسەر لە مۆبایلی تەڵەب دەکەن». ئاماژە بەوەش دەکات کە دیلیڤەری لە سەرێکەوە بووەتە مایەی خێروبێر بۆ گەنجی وەکو ئەو و خواردنگەکانی شار، بەتایبەتی خواردنگە خێراکان، لە هەمان کاتیشدا سەری لەوە سڕ ماوە کە خەڵک درەنگانی شەو داوای خواردنی جۆراوجۆر دەکەن، هەروەها پێی وایە زۆربەی داواکارییەکانی خواردن بۆ خۆشیە و بەهۆی نەوسنیە زیاتر لەوەی برسیەتی بێت.

پەرەسەندنی دیاردەی گەیاندنی خۆراک بۆ ماڵان لە هەولێر و شارەکانی تری کوردستان وەک زۆربەی وڵاتانی جیهان دوابەدوای بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو، کە بووە دەرفەتێکی نوێ بۆ هەزاران کەس، لە هەمان کاتیشدا بووە جۆرێک لە ئاسانکاریی ژیان بۆ هاووڵاتییان، بەتایبەتی بۆ دانیشتوانی شارێکی قەرەباڵغی وەکو هەولێر، کە ڕەنگە زۆر کەس لەو سەردەمە نوێیەدا حەز بکەن خواردنی دڵخوازی خۆیان بگەیەندرێتە سەر سفرەی ماڵەکانیان.

گەیاندنی خۆراک یان دیلیڤەری، ژیانی ڕۆژانەی بەشێکی بەرچاوی خەڵکی لە قاڵب داوەتەوە، ئەم پیشەسازییە نوێیەی گەیاندنی خۆراک کە سەردەمانێک خزمەتگوزارییەکی سنووردار و تایبەت بوو، ئێستا گەشەی کردووە و لە هەموو شوێنێکدا هەیە. هەندێک کەس بۆ ژەمی گەورەی خێزانی داوای دەکەن و هەندێک کەسیش بۆ حەزی تاکە کەسی تا لە ماڵەوە بەدەم سەیرکردنی فیلمێکەوە لەفە و بەرگرەکەیان بەتەنها و دوورە لە خەڵک بخۆن.

سیامەند بەدەم چاولێکردنی لە مۆبایلەکەی داخوا داوای گواستنەوەی خواردنی پێگەیشتووە یان نا، درێژە بە قسەکانی دەدات "زۆر جار ئەو خواردنەی دەیگوازینەوە، هەند کەمە، کرێی مە لە پارەی خواردنەکە زیاترە"، نمونە بەوە دێنێتەوە کە کڕیار هەیە کەمێک سیزەر سەڵات (تەماتە و خاس و پارچە گۆشتی سینگی مریشک) و هەیە سێ چوار پارچە کینتاکی یان پاکەتێک پەتاتە داوا دەکات، لەوسەریشەوە دەبێ ئەو پیچە خواردنە بە ماتۆڕسیکل بەناو ئەو هەموو جەنجاڵییەی شاردا بگەیەندرێت.

بە تەنزیشەوە دەڵێ سەری سڕ ماوە لەوەی خەڵکی شار هێندە بێتاقەت بوون کە ناتوانن پارووە نانێک بۆ خۆیان ئامادە بکەن و منەت و خەرجیی خواردنی چێشتخانە هەڵدەگرن.

ئەو خواردنگەیەنەرە باس لەوەش دەکات کە هەندێک جار کاتژمێژ دووی شەو خواردنی بۆ ماڵان بردووە، تەنانەت بۆ گەڕەکە نیمچە میللییەکانیش.

لە هەمان کاتیشدا دەڵێ لەوە تێدەگات کە خەڵک چێژ لەو ئاسانکارییە وەردەگرن. بەڵام پێی ناخۆش دەبێ کاتێک کڕیار گلەیی لێ دەکەن لەوەی خواردنەکەی کەمێک درەنگ گەیشتووە، ڕەچاوی قەرەباڵغی ڕێگەوبانەکان و دووری و جەنجاڵی چێشتخانەکانیش ناکەن. ئەمەش سەرەڕای سەرمای شەوانی زستانی هەولێر کە ناچاری دەکات جلوبەرگێکی زۆر و تایبەت بپۆشێت، ئەمەش ماندووتری دەکات لە کارەکەیدا. بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە زۆر کڕیاری بەخشندە هەن کە ڕەزیلی ناکەن لە پێدانی بەخشیش دوای ئەوەی خواردنەکانیان بەڕێکوپێکی پێدەگەیەنێت.

بەزمێکی تری خواردن گەیاندن، نزیکی ماڵەکانە لەو چێشتخانانەی خواردنیان لێ داوا دەکەن، جاری وا هەیە کڕیار شوقەکەی لەناو هەمان تاوەرە کە چێشتخانەکەی لەژێرەوەیە، سیامەند دەڵێ کابرا تاقەتی نییە بێتە خوارەوە خواردنەکانی ببات، بە دیلیڤەری بۆی دەچێت. ڕووداوی هاوشێوەی هاوڕێیەکی دەگێڕێتەوە کە لە وڵاتی ئەڵمانیا ئەو کارە دەکات و دەڵێ لەوێندەر بۆ پیر و پەککەوتەکان وا ڕوو دەدات کە خواردن لە شوێنی زۆر نزیکەوە بگەیەندرێت، بەڵام بۆ کەسانی ئاسایی نا.


وێنە: عومەر کەریم

مام سەفین هاووڵاتییەکی خانەنشینە لە گەڕەکی باداوەی هەولێر و زانیاریی هەیە کە لە دوای پەیدابوونی کۆرۆناوە لە هەموو جیهان دیلیڤەریی خواردن پەرەی سەند و دوای نەمانی کۆرۆناش دیلیڤەریی هەر باوی ما و خەڵک پێی فێر بوون. بەڵام بەلایەوە سەیرە دەبینێت لە هەندێک ماڵدا بۆ نانی نیوەڕۆی ڕۆژانی هەینییش داوای خواردنی دیلیڤەری دەکرێت، لەمبارەیەوە بۆ (گڵکەند) دەڵێ «کوو دەبی عائیلەکی گەورە و گران نەتانن نیرِوانی جومعەی پراو و گۆشتەکی لە ماڕێ حازرکەن؟ ئاخر هەموو شتەک بە خێ و خێش بە مەعنا!».

بەم شێوەیە شەقامەکانی هەولێر تا دێت پڕ دەبن لە شۆفێرەکانی گەیاندن بە ماتۆڕسیکل، چەندین کۆمپانیای جیاواز پێشبڕکێ دەکەن لەم بوارەدا بۆ ڕاکێشانی زۆرترین کڕیار، بەشێک لە خواردنگەیەنەرەکان کوردن و بەشێکیشیان پەنابەری سووریان، زۆربەی شوفێرەکان بە تیژڕەوی دەناسرێنەوە کە بەناو ئۆتۆمبێلەکاندا بەشێوەی زاکزیک تێدەپەڕن تا هەرچی زووە خواردن بۆ زۆرترین ژمارەی کڕیار بگەیەنن و بەمەش لە کۆتایی ڕۆژەکەدا داهاتێکی زۆرتریان دەست دەکەوێت، سیامەند لە کۆتاییدا دەڵێ لە دوای پەیدابوونی کۆرۆناوە دەستی بەو کارە کردووە و «لە خوای بەزیاد بی، هیچ عەیبی نییە، مەعیشەتەکەمان پێ دەسووڕێ، یەکەم جار بە موەقەت دەستم دایێ، بەس جارێ بەتەما نیمە وازی لێ بینم».



عەبدولباسیت فەرهادی

## سەرەتای هەشتاکان

پەیوەندیی نێوان عێراق و میسر خۆش و پتەو بوو، بارودۆخی میسر و گوزەرانیی هاووڵاتییانی دژوار بوو، بۆیە میسرییەکان ڕوویان لە وڵاتانی کەنداو و عێراق دەکرد بۆ کارکردن و پارەپەیداکردن و باروبووی خێزانەکانیان لە میسر.

کە شەڕی نەگریسی بەناو قادسیەی سەدام دەستی پێ کرد، گەنجی عێراقی بە عەرەب و کورد و تورکمان و پێکهاتەکان بوونە سووتەمەنی، ئەوەی فیراریشی دەکرد، دەبوایە خۆی شاردباوە و کاروکاسبی پێ نەدەکرا.

دیکتاتۆرە ملهوڕەکە کارئاسانیی بۆ هاتنی زیاتری میسرییەکان دەکرد و چەندان بڕیاری لە بەرژەوەندیی وان دەرکرد لە ڕێی ئەو ئەنجوومەنەی بەناوی (ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش) ناسرابوو، کە خۆی هەموو شتێک بوو لەو ئەنجوومەنە، لە فەرمانگەکان دەیان فەرمانبەری میسریت دەبینی و لە کارگە و بازاڕەکان و کوچە و کۆڵانەکانیش بە سەدان و هەزاران.

ئەوکات هەندێکی خاوەن بڕوانامەی بەرزیشت لە بوارە جیاجیاکان دەبینی کاریان دەکرد و عێراق و داهاتە زۆرەکەی بووبووە مایەی خێر و خۆشی بۆ میسرییەکان و ڕۆڵەکانی خۆیشی یا لە بەرەکانی جەنگە شووم و بەدەکە یان لەناو کون و گوندە دوورەدەستەکان یان لە زەلکاوەکانی خوارووی عێراق ژیانێکی کولەمەرگی و دژواریان بەسەردەبرد.

لەو کاتە هەرکەسێ تاوانێک یا دەستدرێژیی کردبایە سەر کەسێکی میسری بە بڕیاری دیکتاتۆر، سزاکەی زۆر قورس دەبوو و میسرییەکانیش بووبوونە کەڵەگای نێو کۆمەڵگای عێراقی و ژمارەیەکی زۆریان ژنی عێراقیشیان هێنا بەتایبەتی لە شارەکانی خواروو و دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە شارە کوردستانییەکانیش چەند حاڵەتێک هەبوو خەڵک بە چاوێکی کەم سەیری ئەو کەسانەیان دەکرد کە کچەکانیان شوویان بە میسرییەکان کردبوو.

ئێوارەیەک لێکۆڵەری دادی ئێشکگر بووم لە دادگا، پۆلیسەکانی نەهێشتنی تاوان گەنجێکی تازەپێگەیشتووی میسرییان هێنا کە شەوی ڕابردوو لەو کاتەی لە یەکێک لە هۆتێلەکانی نزیک گەراجی بەغدا کاری دەکرد بە هەشت کەس کە هەندێکیان سەربازی عەرەبی عێراقی و یەک دوو کەسی کورد و دوو میسریشیان لەگەڵ بوو، بە خورتی دەستدرێژیان کردبووە سەر گەنجە میسرییەکە.

دەستدرێژیکەرەکان دانیان بە تاوانەکانیان هێنا و لێکۆڵینەوە بەردەوام بوو بۆ ماوەیێک، گرنگییەکی زۆر تایبەت بە کەیسەکە دەدرا و تۆمەتبارەکان ڕەوانەی دادگای بەناو شۆڕش (محكمة الثورة) کران و تاوانبار کران، ئەوانەی سەرباز بوون سزای گوللەباران و ئەوانی دی سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرکرا.

لەو سەروبەندەدا عێراق کوێتی داگیر کرد، میسر چووە بەرەی دژە عێراق و سوپاکەی لەگەڵ هاوپەیمانان بەشدار بوو لە دژی عێراق، بۆیە پەیوەندیی نێوانیان تێکچوو، ئەو بارودۆخە کاریگەریی خراپی کردە سەر دۆخی میسرییەکانی عێراق، زۆربەیان عێراقیان بەجێ هێشت و لە جیاتیی پشتگیری و پاراستنیان، خەڵک دەرفەتیان پێ درا بۆ سەرزەنشتکردن و دەستدرێژیکردنە سەر میسرییەکان، ئەوە بوو بەبڕیاری هەمان دادگای ناوبراو، سزای تاوانبارانی دەستدرێژییەکە سووک کرا و دواتر بە لێبووردنی گشتی هەموویان ئازاد کران.

# حەکایەتی یەکەم کیژە هەولێری لە مۆسکۆ

نازم دڵبەند

مامۆستا مەلا عەولای حاجی سمایل ناسراو بە مەلا ماتۆڕ لە کتێبی (سەربردەی ژیانی سیاسیم)، باسی ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی (١٩٥٤) لە شاری هەولێر دەکات و دەڵێ «چوومە لای گیو موکریانی و پێم گوت بیتاقەی دەعوەتنامەی نەورۆزمان بۆ چاپ بکە، ئەویش گوتی زۆر باشە بۆتان چاپ دەکەم، بەڵام کچۆڵەیەکی حەفت ساڵیم هەیە ناوی کوردستانە، وتارێکم بۆی نووسیوە، دەمەوێت لە ئاهەنگەکە بیخوێنێتەوە».

لەبەرئەوەی خوێندنی کوردستان موکریانی لە قوتابخانەدا بە زمانی عەرەبی بووە و خوێندنەوەی کوردیی زۆر باش نەبووە، باوکی ماوەی دوو ڕۆژ مۆڵەتی لە قوتابخانە بۆ وەرگرتووە تا بە جوانی خوێندنەوەی وتارەکەی فێر بکات، گەیشتووەتە ئەوەی لە کاتی وەستانی لە پشت مایکرۆفۆن بۆ خوێندنەوەی وتارەکەی، گیو شاگردێکی چاپخانەی لە پشت تەختەکە بۆ داناوە، تا ئەگەر نەیزانی وشەیەک بخوێنێتەوە، زوو بۆی ڕاست بکاتەوە، بەڵام ئەو سەرکەوتووانە وتارەکەی خوێندەوە و بووە یەکەم دەرکەوتنی لە بەردەم ژمارەیەکی زۆری ئامادەبووان.

ئەگەر لە لاپەڕەی فایلی قوتابخانەی (ئەیوبیە)ی کچانیشدا بگەڕێی، لە زەمەنی مامۆستا مەستی سابیری بەڕێوەبەری قوتابخانەکەدا، کوردستان موکریانی یەکێ بووە لە قوتابییە زیرەک و سەرکەوتووەکانی ئەم قوتابخانەیە و لای هەموو مامۆستاکان خۆشەویست بووە، بەو ڕادەیەی جارێکیان کە لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووە، مامۆستایەکی قوتابخانە بانگی ژووری مامۆستایانی کردووە، کۆمەڵێک پەڕە کاغەزی تاقیکردنەوەی قوتابیانی لەناو چەکمەجەکەی دەرهێناوە، یەکێکیانی لەبەرچاوی ئەو تەماشا کردووە و نمرەیەکی بۆ داناوە، ئینجا ڕووی کردۆتە کوردستان موکریانی و پێی گوتووە تۆش ئەمانە ببەرەوە ماڵەوە، بە وردی بیانخوێنەوە و نمرەیەکیان بۆ دابنێ، ئەویش بە سەرسڕمانەوە لە مامۆستاکەی پرسیوە من؟ ئەویش پێی گوتووە بەڵێ تۆ، چونکە تۆ سەرت لەم بابەتە دەردەچێ و دەتوانی یارمەتییم بدەیت.

کوردستان موکریانی لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیشدا ئەو زیرەکییەی ڕەنگی داوەتەوە، مامۆستایەکی زمانی عەرەبی بە ناوی ست سامیە زۆری خۆش ویستووە و پێی گوتووە لە بابەتی داڕشتندا خاوەنی ئەندێشەیەکی دەوڵەمەندە و بەشێوەیەکی ئەدەبی دای دەڕێژی، پێشبینیی کردووە لە دواڕۆژدا ببێتە نووسەرێکی گەورە.

کە قۆناغی ئامادەییی تەواو کردووە، حەزی لەوە بووە بچێتە بەشی راگەیاندن، بۆیە خۆی گەیاندووەتە وڵاتی لبنان، بەڵام هێندەی نەبردووە گەڕاوەتەوە هەولێر، چونکە خانەوادەکەی پێیان خۆش نەبووە کچێکی لەو تەمەنە لە وڵاتێکی تر بە تەنیا بخوێنێ، ئیتر بڕیاری داوە لە زانکۆکانی عێراق درێژە بە خوێندن بدات.

سەرەتا لە بەشی (ماتماتیک) لە زانکۆی مووسڵ وەرگیراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی ڕەگەزنامەی عێراقی ئەو مافەیان لێ سەندۆتەوە، بەتایبەتیش کە ناوی کوردستان بووە، بەربەستی بۆ دروست کراوە و ڕەگەزنامەی عێراقیی نەداوەتێ، لە کاتێکدا لە هەولێر لەدایک بووبوو، دواتر لە بەرانبەر پارەیەکی زۆر رەگەزنامەی عێراقیی وەدەست هێناوە.

مامۆستا گیوی باوکی وای پێباش بووە لە زانکۆی بەغدا خوێندن تەواو بکات و ڕێچکەی ئەوی بەرەو تەواوکردنی بەشی زمانی کوردی ئاراستە کردووە، چونکە لەناو هەر هەشت منداڵەکەیدا، تەنها کوردستان لە پاڵ خوێندنەوەدا، بەهرەی نووسینیشی هەبووە، حەزیشی کردووە یەکێک لە منداڵەکانی ڕێچکەی ئەو بگرنە بەر، دواجار ئەم بەشە بۆی بوو بە مایەی ئەوەی پتر بە زمانی کوردیی بخوێنێتەوە و بنووسێ، دوای چەند مانگێک لە دەوامکردن لە بەشی کوردی زانکۆی بەغدا، بەسەر هەموو ئاستەنگەکاندا زاڵ بووە و هەموو قۆناغەکانی زانکۆی بە پلەی یەکەم تەواو کردووە.

کوردستان موکریانی لە پای ئەو سەرکەوتنەی لە بەشی کوردی لە زانکۆی بەغدا و ئارەزووی خۆی و خانەوادەکەی، ڕژد بوو لەسەر درێژەدان بە خوێندن و لەم پێناوەدا بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەی دوکتۆرا، کاتژمێر ١١:٣٠ پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە (١٩٧٢/١٠/١٦) بە تەنها لە فڕۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتییەوە بەرەو یەکێتیی سۆڤیەتی جاران فڕیوە و بووە یەکەم کچی هەولێر بە تەنها گەشتی مۆسکۆ بکات، تا کاتژمێر ٦:٣٠ ئێوارەی هەمان ڕۆژ بگاتە مۆسکۆ، لەگەڵ دابەزینی لە فڕۆکە ڕووبەڕووی سەهۆڵبەندانێکی سەخت بووەتەوە، بەڵام ژمارەیەک خوێندکاری کوردستانی و عێراقی بۆی هاتبوونە هۆڵی پێشوازی.

خوێندکارەکان، کوردستان دەگەیەننە بەشی ناوەخۆیی، ژووری ژمارە (١٣١)، لەوێ دەبێتە هاوژووری دوو کچە خوێندکاری ڤێتنامی، کە لە زمانی خۆیان و ڕووسی زیاتر هیچیان نەزانیوە. دوای ماوەیەکی کورت کوردستان موکریانی توانیویەتی بە هاوکاریی خاتوو گالینە کە مامۆستای زمانی ڕووسی گرووپەکەی بووە، تا ڕادەیەکی باش فێری زمانی ڕووسی بێت.

دوکتۆر تسابۆ لۆڤیان دەبێتە سەرپەرشتیاری تێزی دکتۆرای کوردستان موکریانی لە ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتناسی. لۆڤیان بەرەگەز ئۆستینی بوو، کە ناوچەکەیان کەوتووەتە بڕبڕەی چیای قەفقاز، لە نێوان گورجستان و ڕووسیا، زمانەکەشیان سەر بە زمانی سەرکەسە، بەڵام دوکتۆرای لە زمانی کوردیدا هەبووە. دوای ماوەیەک ئەو سەرپەرشتیارە گۆڕدراوە بە پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، کە ئەوسا سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بووە لە ئینستیتیوتی ڕۆژهەڵاتناسی، ئەو کراوەتە سەرپەرشتیاری تێزی دوکتۆراکەی کوردستان موکریانی، بەم هۆیەوە کوردستان ناچار بووە زوو زوو بۆ ماوەی مانگێک بچێتە لینینگراد یان پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ بچێتە مۆسکۆ.

هەرچەند جاریش کە دەچووە لینینگراد، لە ماڵی کەریب ئەیوبی و سهیر نۆڤای هاوسەری و پرۆفیسۆر زەرێ یوسوپۆڤا و جەمشید حەیدەری دەمایەوە، ئەوانە بەردەوام بانگهێشتی ماڵەکانی خۆیان دەکرد و پێکەوە لە جیهانی ڕۆشنبیری و کێشەی کوردان دەدوان.

کوردستان موکریانی ڕۆژی ١٩٧٦/١١/٢٥ لە بەردەم پرۆفیسۆران ئاڤالیانی و زەرێ یوسوپۆڤا بەرگریی لە تێزی دوکتۆراکەی کرد، لە ١٩٧٦/١٢/٢٩دا بڕوانامەکەی بەدەست هێنا و نازناوی دوکتۆرە کوردستان موکریانیی وەرگرت، لە ڕۆژی ١٩٧٧/١/١٦ شاری مۆسکۆی جێ هێشت و لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکاری کوردەوە لە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ خوداحافیزیی لێ کرا، تا لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغداوە بگەڕێتەوە و لەوێندەرێوە لەگەڵ شیرین و کاڵێی خوشکی و کوردۆی برایدا بگەڕێتەوە هەولێر.



کوردستان موکریانی نووسەر و ئەکادیمیی ناوداری کوردستان

---

شەوقی زەردەپەڕ



عەبدوڕەحمان فەرهادی

## کۆپلە

(کۆپلە) وشەیەکی زۆر شیعری و شێوە کوردی دێتە بەرچاو و گوێ، کەچی ڕەنگە زۆربەمان ئەوە نەزانین کە وەک چەندین وشەی تری ناو زمانەکەمان، ئەویش وشەیەکی کوردی نییە! بەڵکە لە بنەڕەتدا وشەیەکی فەرەنسییە و بریتییە لە برگەیەک لە دەقێکی شیعر یان برگەیەکی مۆسیقا یان کورتە دیمەنێکی شانۆیی.

وشەکە هەر کورد نا، بەڵکە عەرەبیش لە زمانی خۆیان بەکاری دێنن، لەوانە وڵاتانی باکووری ئەفریقیا، وەک میسر و مەغریب و تونس، کە کاریگەریی داگیرکاریی فەرەنسایان بەسەرەوە بووە. ئەمەیش دیاردەیەکی سروشتییە. زمانی کوردییش وەک زمانی دیکە، زۆر وشەی بێگانەی تێدایە کە بێ ڕەزامەندی وەرمان گرتووە، بە هەمان شێوەیش وشە زۆرن لە زمانەکەمان وەرگیراون، سروشتی ژیان و تێکەڵاویی کۆمەڵگاکان ئەمەی هێناوە.

لەم ماوەیەی دواییدا، یادێکی ڕەوانشاد زێوەر خەتاب لە هەولێر کرایەوە، لە پۆستەرەکان لە جێی (زێوەر) نووسرابوو (زیوەر)، هەموویش لە وتارەکانیان دەیانگوت زیوەر! منیش لەوێ گوتم: وشەی زیوەر هەڵەیە و پێویستە بڵێین و بنووسین زێوەر، زێوەر وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە و مانای زێڕ یان خشڵ دەدات، وشەکە لە کوردییەوە چووەتە ناو زمانی عەرەبی و کردوویانەتە زیوەر.

وشە و زاراوە سنووریان نییە، هەر وشەیەک هاتە ناو زمانەکەت و زۆر بەکار هات، هیچ خەوشێک مەبینە و پێویستە بە وشەی خۆتی بزانیت و بیخەیتە فەرهەنگەکەتەوە. زمانێکی وەک ئینگلیزی، زۆرێک لە وشەی لاتینی و فەرەنسای تێدایە و عەرەبییش زۆر وشەی فارسی و تورکی و سۆمەری و کوردیی تێدایە، تەنانەت زمانێکی لاپەڕ و ئاڵۆزی وەک ژاپۆنی، زۆر وشەی چینی و ئینگلیزیی تێدایە

لەبەرئەوەی مرۆڤ بووەنەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و تاک بێ یەکتر ناژین، ئەم تێکەڵاوییە، ئاوێتەیەک لە زمان و کولتوور بەرهەم دێنێت و کولتووریش بەهۆی زمانەوە زیندوو دەمێنێت، هەروەها زمان بوونەوەرێکی زیندووە و بەردەوام لە گۆڕاندایە.

خزمەت و بایەخ و دەسەڵات زمان بەهێز دەکەن، بە پێچەوانەیشەوە ئەگەر لاوازیی زمان سنووری بەزاند، لە ئەنجامدا ڕووبەڕووی هەڕەشەی لەناوچوون دەبێتەوە، ئەمە لە مێژوودا بەسەر زۆر زماندا هاتووە. سروشتی زمان بە کاریگەریی ژینگە و ڕۆشنبیریی مرۆڤ بەردەوام دەگۆڕێت، چونکە وشە لەناو زمان کەرەستەیەکی داینەمیکییە و داسەکنانی تەواوی نییە، ئەمانە وایان کردووە هیچ زمانێکی پاراو لە دنیادا نەبێت، بەڵام خەوش لەوەدایە نووسەر و میدیاکار و مامۆستا، لە دەقەکانیدا زاراوەیەک یان وشەیەکی ڕەسەن و مانا ڕوونی خۆی بەلاوە بنێت و وشەیەکی ناڕەسەن و بێگانەی لە جێ دابنێت کە کەم کەس واتای وشەکە بزانن! ئەمە هەرگیز ئەو هەستە لای خوێنەری هۆشمەند دروست ناکات کە بەمە ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو کەسە بەرز بنرخێنرێت!

زمانەکەمان زۆر دەوڵەمەندە وەلێ بەداخەوە زمانێکە لاواز کراوە، هۆکاری سەرەکیی ئەمەیش نووسەران و میدیاکاران و پەروەردەن. قسە و باس لەم بارەیەوە، کۆنگرە و کاری کردەیی دەوێت.



# تەمەنی زیاتر لە 700 ساڵە
# ئەو تەکیەیەی کۆنترین دەستنووسی هەرێمی کوردستانی پاراستووە

هێمن بابان ڕەحیم

لە کونجی گەنجینە ساکار و پڕ بەهاکەی یەکێک لە تەکیە ناسراوەکانی سنووری پارێزگای هەولێر، دەستنووسێک پارێزراوە بە دەگمەنترین و کۆنترین دەستنووس لە هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێت کە تاوەکو ئێستا مابێتەوە، تەمەنی زیاتر لە ٧٠٠ ساڵە، لاپەڕەی دیوانێکی شیعریی شاعیرێکی فارسە کە لە سەردەمی ئێلخانییەکان ژیاوە.

تەکیەی کاکی هیران یەکێک لە دیارترین تەکیەکانی کوردستان و هەولێرە، سەدان ساڵە لە دەروێشی ڕێبازی قادری جەمەی دێت و ئێستاش وەکو سوکناییەک بۆ پەرستشی ماڵی عاریفانە.

لێرە لە شارۆچکەی هیرانی سەر بەقەزای شەقڵاوە کە لە دووریی نزیکەی ٧٠ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر هەڵکەوتووە، دەیان نووسراو و بەڵگەنامە و دەستنووس هەڵگیراون کە بە میراتییەکی خنجیلانەی گەنجینەیەکی گەورەتری کەڵەپیاوانی ناوچەکە و تەکیەکەن کە بەر نەفرەتی هێرشەکانی حکوومەتەکانی پێشتری عێراق کەوتوون و بەشی زۆریان لەنێوچوون.

دەستنووسە دەگمەنەکە تەنیا یەک پەڕەی دیوانی شیعریی «ئەنوەری»، شاعیری ناوداری فارسە کە پێشتر دیوانێکی تەواو بووە و بەهۆی کردنە ئامانجی تەکیەکەوە لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٦١ تەنیا ئەو لاپەڕە بە هەتیوی ماوەتەوە، بەڵام بەنازداریی لەلایەن یەکێک لە نەوەکانی کاکی هیرانەوە بەناوی هانای کاکی هیران هەڵگیراوە.

ئەم دەستنووسە دەگمەنەی نۆ دێڕی شیعریی عەلی عومەر محەمەد ناسراو بە ئەنوەرییە کە لە نێوان ٥٢٠ تاوەکو ٥٨٥ی کۆچی ژیاوە، بەڵام دەستنووسەکە ساڵی ٦٩٦ی کۆچیی لەسەرە کە هاوتایە بە ١٢٩٧ـی زاینی، واتە تەمەنی ٧٢٧ ساڵ دەبێت و بەپێی بەدواداچوونەکانی گڵکەند بە کۆنترین دەستنووس هەژمار دەکرێت لە هەرێمی کوردستان جگە لە دەستنووسە دیجیتاڵییەکان.

شیعری عیرفانی لاپەڕەکەی ڕازاندووەتەوە لە خوارەوەی پەڕەکەش بە ئاوی زێڕ لێی نووسراوە (دیوانی ئەنوەری) و بە دوو مۆر لەلایەن نووسەرەوە مۆر کراوە.

دیوانەکە وەکو شارەزایانی مێژوو دەڵێن لە کاتێکدا بووە کە هەرێمی کوردستان و لە نێویاندا ناوچەکانی شەقڵاوە و دەوروبەری لەژێر ڕکێف و قەڵەمڕەویی ئێلخانییەکانی مەغۆلەکاندا بووە.

ئێلخانییەکان وەچەیەکی مەغۆلەکان و بەشێکن لە ئیمپراتۆرییەتی مەغۆلی لە چین (١٢٠٦-١٣٦٨)ی زاینی، لەسەر دەستی جەنگیزخان دامەزراوە و دەسەڵاتی لە زەریای هێمن تاوەکو ناوەڕاستی ئەوروپا هەبووە، دواتر دەسەڵاتیان فراوانتر بووە و وڵاتانی وەکو عێراق و ئەرمینیا و ئازەربایجان و قەفقاس و بەشێک لە ئاسیای بچووک (ئەنادۆڵ)ی گرتووەتەوە.

لە خوارەوەی دیوانەکەدا دەستەواژەیەک نووسراوە کە ئەمەیە «والحمد لولیه والصلوة علی نبیه وحبیبه محمد وآله وصحبه الکرام»، یەکێک لە مۆرەکانی سەر دەستنووسەکە مۆری شاعیر بووە و ئەوی ترشیان نادیارە کە لەگەڵ بەشێکی دیکەی نووسینەکاندا بەهۆی ڕووداوەکانەوە مێژوویی بن یان کەشناسی سڕاونەتەوە.

هانا کاکی هیران نەوەی کاکی هیرانی دامەزرێنەری




هانا کاکی هیران: تەکیەی هیران تەریقەتەکەی لە بەتلیسەوە وەرگرتووە

تەکیەی هیرانە، لە یەکێک لە حوجرەکانی سەر بە تەکیەی هیران نزیکەی ٢٠ دەستنووس و نووسینی دەگمەنی پاراستووە، ئەو بۆ (گڵکەند) باسێکی کورتی مێژووی تەکیە و بنەماڵەکەیانی کرد کە سافی هیرانی یەکێک لە کەڵەشاعیرەکانی کوردیشی لێ هەڵکەوتووە.

لەبارەی دەستنووسەکەشەوە پێی گوتین «هەرچەندە تەکیە شوێنی خوداپەرستی و پەرستش و ئاینە، بەڵام پیاوانی تەکییە ڕۆڵی گەورەیان لە بواری کولتوور و شیعر و بابەتەکانی نووسین و خوێندنەوە و زمان و زانستەکانی ئاییندا هەبووە، بۆیەش بەپێی کەسە بەتەمەنەکانی تەکیەکە لێرە بەردەوام کتێبەکان ئاڵوگۆڕ کراون و شوێنێک بووە بۆ وەرگرتنی زانست و بەخشینی، ئەوەش هۆکار بووە کە تەکیە کتێبخانەیەکی گەورەی هەبووە».

تەکیەکە بەپێی گوتەی هانا کە زیاترین کەسی بنەماڵەکەیە سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبەکانی ناوی و پاراستنیانە، دووجار ڕووبەرووی هێرش بووەتەوە و لە یەکێک لە هێرشەکاندا لە ساڵی ١٩٦١ زۆرینەی هەرە زۆری کتێب و دەستنووسەکانی سەدان ساڵەی تێدا سووتا و لەنێوچوون کە خۆیان لە نزیکەی ٥٠٠ دەستنووس و کتێب و نووسراوی گرینگ داوە.

بەدەم هەڵدانەوەی لاپەڕەی دەستنووسەکان، هانا کاکی هیران کە دەرچووی زانکۆ و حوجرەیە دەیگوت لە ساڵی ١٩٦١ و بەهۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولەوە و کردنی تەکیەکە بەبارەگایەک بۆ شۆڕش لە دژی نادادی و ستەمکاریی حکوومەتی ئەوکاتی عێراق، تەکیەکە بووەتە ئامانجی فڕۆکە جەنگییەکان و بۆردوومان کراوە.

لای خۆیەوە قاسم محەمەد توێژەر لە سەنتەری کوردستان بۆ بەڵگەنامە و توێژینەوە ئەکادیمییەکانی زانکۆی سلێمانی لەبارەی ئەو دەستنووسەوە دەڵێ «یەکێکە لە دەستنووسە دیارەکانی کوردستان و بۆ مێژوویەکی زۆر کۆن دەگەڕێتەوە، لە کوردستاندا دەستنووسی کۆنترمان هەن، بەڵام بە دیجیتاڵی نەوەک وەکو دەستنووسی پارێزراو لەلای خۆمان هەبێت». داواش دەکات دامەزراوەکان بایەخی زیاتر بە کۆکردنەوەی دەستنووسەکان و هەڵگرتنیان و پاراستنیان بدەن.

تەکیەی هێران لە ساڵی ١٧٦٠ لەلایەن شێخ سولێمانی کوڕی میر عەبدوڵڵا دامەزراوە، کە یەکێک لە نەوەکانی کەڵۆس بەگ دامەزرێنەری ئیمارەتی سۆران بوو لە ساڵی ١٣٩٩.

شێخ سولێمان وەک هانا کاکی هیران دەیگێڕێتەوە لە ڕێگەی شێخ تەها بەتلیسییەوە یەکێک لە دیارترین پیاوە ئاینییەکانی سەردەمی خۆی هیدایەتیی وەرگرتووە و بووەتە پیاوی ئاین و پەرستش.

# عەلی شونهەڵگر
# شارلۆك هۆڵمزی هەولێر

هەژار مەجید

سالأنێک چاوساغی پۆلیس و مۆتەکەی تۆمەتباران بووە، پیاوێکی زەحمەتکێشی نەخوێندەوار، بەڵام لێهاتوو و بلیمەت، شوێنی دەست و پێی سەدان کەسی دۆزیوەتەوە کە تاوانیان ئەنجام داوە، توانای عەلی شونهەڵگر بە جۆرێک بووە، نەوەک تەنیا پۆلیسی هەولێر، لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش سوودیان لە تواناکەی بینیوە.

شێرزاد محەمەد عەلی لەدایکبووی ساڵی ١٩٦١ی هەولێر، نەوەی عەلی شونهەڵگرە، لە نزیکەوە عەلی عەبدوڵڵای باپیری بینیوە، چەندین چیرۆکی ئەو کەسایەتییە سەرنجڕاکێشە بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێ عەلی شونهەڵگر کە ساڵی ١٩٠٣ لە گوندی (گردیش)ی دەشتی هەولێر لەدایک بووە، لە ناوەڕاستی بیستەکانی تەمەنی بەهۆی ناکۆکیی لەگەڵ ئاغا، گوندەکەی خۆی بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە گوندی بنەسڵاوەی بچووک و ئاوەدانی دەکاتەوە، لەوێ دەست بە ئاژەڵداری دەکات، دواتر خەڵکی تر دێنە گوندەکە

شەوێک پیاوەکانی ئاغا دەچن بۆ گوندە نوێیەکەی، بۆ ئەوەی ئاژەڵی لێ بدزن، بەڵام ئاشکرا دەبن و ڕادەکەن، بۆ سبەینێ حاجی عەلی شوێنپێی پیاوەکان دەبینێتەوە و بەدوایاندا دەڕوات تا دەگاتەوە گوندەکەی خۆی، لەو کاتەوە هەست بە بەهرەکەی دەکات و خەڵکیش پێ دەزانن و بلیمەتیی عەلی شونهەڵگر بۆ هەموو



لایەک ئاشکرا دەبێت.

بەم شێوەیە عەلی شونهەڵگر ناوبانگ پەیدا دەکات و بەم هۆیەوە چەند جارێک لە ژیانیدا ڕووبەڕووی کێشەی گەورە دەبێتەوە، شێرزادی نەوەی دەڵێ زۆرجار لەلایەن کەسوکاری ئەو تۆمەتبارانەی باپیرە عەلی شوێنپێی دەدۆزینەوە، گرفتی بۆ دروست دەکرا و هەڕەشەی لێ دەکرا، بەڵام باپیرەی نیازی نەبووە دەستبەرداری بەهرەکەی بێت و ویستوویەتی هاوکاری ئەو کەسانە بێت کە تاوانیان لە دژ ئەنجام دەدرێت، بەم شێوەیە دەرفەتی حەوانەوەی لە گوندەکەی خۆیشی نامێنێ و بە یەکجاری ماڵی دەباتە ناو شاری هەولێر و لە گەڕەکی خانەقا نیشتەجێ دەبێت.

کار دەگاتە ئەوەی دەسەڵاتی دادوەری و دەزگای لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی هەولێر بە بلیمەتیی ئەو پیاوە دەزانن، بۆیە چەندین تاقیکردنەوەی پراکتیکیی پێ ئەنجام دەدەن، دوای دڵنیابوونەوە لە بەهرەکەی، لەسەر ڕەزامەندیی موتەسەڕیفی هەولێر بەناونیشانی شوونهەڵگر دای دەمەزرێنن و مۆڵەتی چەک هەڵگرتنی دەدەنێ.

ئیتر عەلی شونهەڵگر داوای لە پۆلیس کردووە کە تاوانێک ڕووی دا، دەستکاریی کەلوپەلی شوێنەکە نەکەن تاوەکو شوێن دەست و پێی تۆمەتبارەکە بزر نەبێت.

دەزگای پۆلیسی هەولێر ناوبانگیی زیرەکی ئەو پیاوە دەگەیەننە پارێزگاکانی تری عێراق، وای لێ دێت چەندین جار لە پۆلیسی بەغدا، مووسڵ، بەسرە و پارێزگاکانی ترەوە بەدوای عەلی شونهەڵگردا دەنێرن بۆ دۆزینەوەی ئەو تۆمەتبارانەی لە دەستی پۆلیس و یاسا ڕایان کردووە.

دوای ئەوەی عەلی عەبدوڵڵا شونهەڵگر ساڵی ١٩٦٩ لە هەولێر کۆچی دوایی دەکات، ناو و ناوبانگی لە کتێب و چەندین چیرۆکی جۆراوجۆر لەسەر زاری ئەو کەسانە دەگێڕدرێنەوە کە بە چاوی خۆیان کارەکانیان بینیوە، شەهید کاردۆ گەلاڵی یەکێک لە پارێزەرە دیارەکانی هەولێر بوو، دوای ئەوەی بۆ نامەی ماستەرەکەی سوود لە تواناکانی عەلی شونهەڵگر دەبینێت، کتێبێک بەناونیشانی (عەلی شونهەڵگر پسپۆرێکی بەهرەوەر بوو) لەبارەی ژیان و بلیمەتی عەلی شونهەڵگر دەنووسێ، لە کتێببەکەیدا باس لە دیوە یاساییەکانی هەڵگرتنەوەی شوێنەواری تاوان دەکات و ئاماژە بە بەهرەی عەلی شونهەڵگر دەکات، کە چەند کاریگەر بووە لە هەڵگرتنەوەی شوێنەواری تاوان.




وێنەکان: زیرەکی دەستکرد

## شەوانی سارد گەرم دەکاتەوە

# تەعجیل بە چەلاوی خۆی



**گڵکەند**

٣٠ ساڵ دەبێ شەقامی تەعجیلی هەولێر بووەتە شوێنی کۆکردنەوەی خەڵکێکی تایبەت کە ئارەزووی خواردنی گۆشتی چەند جۆرێک باڵندە و پەلەوەر دەکەن، ئەم شەقامە لە شەوانی ساردی وەرزی زستاندا زیاتر جمەی دێت لە خەڵک و تا درەنگانی شەو گۆشتی کوڵاوی چۆلەکە و سووسکەی لێ دەفرۆشرێت.

ئیبراهیم مزەفەر (٣٥ ساڵ)، خاوەنی خواردنگەی «ئیبۆ ئەی ئاڕ»ە، کە تایبەتە بە گۆشتی باڵندە، بەگەرمی بەخێرهاتنی میوانەکانی دەکرد، لەوە دەچوو پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵدا هەبن، ئەو باسی کاسبیەکەی بۆ (گڵکەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێ زیاتر لە ٢٠ ساڵە لەو شەقامە خواردنگەی هەیە و پیشەکەی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە کە پێشتر بە گەڕۆک و لەنێو سەبەتە گۆشتی چۆلەکەی فرۆشتووە.

ئەو گەنجە باسی جۆری گۆشتی ئەو باڵندانە دەکات کە دەیانفرۆشێ و دەڵێ کۆتر و گاپەر و فروج و مراوی و پۆڕ و سووسکەی دەفرۆشن، پێویستە کۆترەکە شەش مانگی تەمەنی تەواو بکات و گۆشت بگرێ، ئەوجە بۆ خواردن دەشێ.

ئیبراهیم دەشڵێ کۆتریان لە مووسڵ و کەرکووکەوە بۆ دێت، لەوێ کەسانی شارەزا بەخێویان دەکەن. بە زیندوویی لێیان دەکڕن و دەیانهێننە هەولێرێ، لێرە سەریان دەبڕن و پاکیان دەکەنەوە و دەیانکوڵێنن، هەروەها باڵندەکانی تر وەکو پۆڕ و کەو و سوویسکە لەو ڕاوچییانەی دەکڕن کە پیشەیان ڕاوکردنی باڵندەیە.

کوڵاندنی گۆشتی کۆتر پێویستی بە زیاتر لە چوار کاتژمێر هەیە، چونکە بەقسەی ئیبراهیم دەبێت ئاگرەکەی نزم بێت، دەشڵێ «کۆتری بە چەلاوی خۆی دەکورێنین، هیچ دەرمانەکی تێ ناکەین، لۆیێ خەرک زۆریان حەز لێیە، هەشە لۆ عیلاجی نەخۆشی دەیبات، ئەو کەسانەی زەخت و شەکرەیان هەیە ئەو نەوعە گۆشتانە دەخۆن، چەلاوەکەشی دەرمانە، چونکە ڕوونی تێ ناکەین»

خواردنی باڵندە و پەلەوەر لە شەقامی تەعجیل بووەتە بابەتێکی کولتووریی هەولێرێ، بە تایبەت لە وەرزی زستاندا، جگە لە خەڵکی هەولێر، خەڵک لە شارەکانی کەرکووک و ڕانیە و هەڵەبجە و کۆیەشەوە ڕوو لە تەعجیل دەکەن بۆ خواردنی گۆشتی باڵندە، ئیبراهیم دەڵێ ئەوەی فێری خواردنی گۆشتی باڵندە بێت، ناتوانێ وازی لێ بێنێت.

هێمن هاشم یەکێ لەو کەسانەیە کە زوو زوو سەر لە تەعجیل دەدەن، هەر هەوا ساردی کرد، بیری شەقامی تەعجیل و گۆشتی چۆلەکە و کۆتری کوڵاو دەکات، هێمن دەڵێ پازدە ساڵ دەبێ شەوانی زستان لەگەڵ هاوڕێکانی بۆ خواردنی گۆشتی باڵندە سەردانی تەعجیل دەکەن. پێی وایە ئەو گۆشتانە تاموچێژێکی خۆشیان هەیە و جیاوازن لە گۆشتی مریشک، دەشڵێ گۆشتی کۆتر و چەلاوەکەی بەزەڵاتە بخۆی، قەت لێی تێر نابی

لە شەوانی زستانی هەولێردا هەر شەقامی تەعجیل ئاوەدان نییە، بەڵکو لە چەند شەقامێکی تریش خواردنگەی زۆر و قەرەباڵغ هەن، بەڵام ڕەنگە تەعجیل جیاوازترین شەقام بێت.




وێنەکان: شڤان هەرکی

بازاڕی تەعجیل بە فرۆشتنی خواردنە میللییەکان بەناوبانگە

---

## مێژووی هونەر لە هەولێرێ



ئوسامە جەمیل

## گەعدە و ئەگلەنجە

لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا جۆرە هونەرەکی تر لە شاری هەولێرێ سەریهەردا، ئەویش گەعدە بوو یان دانیشتن، دوو گۆرانیبێژ یان زیاتر لە مارەکی دادەنیشتن و بەدووقۆری گۆرانییان بەنۆرە دەگۆ، بەزۆری ئامێری مۆسیقییەکە دمبک (زەڕب) و ساز بوو، هەندەک جار زوڕنا یان پیک و دووزەلەش بەکار دەهات، پاشان هوردە هوردە گەشەی کرد و زۆربەی ئامێرەکانی دی بەکاردەهات، گەعدە لە کوردستانی ڕۆژهەرات کەونە و زۆربەی هونەرمەندەکان هەیانە، هەر لە حەسەن زیرەکەوە، هەتا ماملێ و ئەوانی دی، تورکمانەکانی هەولێرێ لەمێژ بوو ئەو جۆرە هونەرەیان هەبوو، پێیان دەگۆ (ئەگلەنجە)، حەیدەر بەقاڵ (حەیدەرە کەچەڵ) و محەمەد ئەربیلی و حەسەن خوچێ و جەبار ئەحمەد و دەیانی دی، گەعدەیان دەکرد و بەرهەمەکانیان تۆمار دەکرا و براو دەبۆوە، هەندەک لە هونەرمەندانی کوردیش دەستیان بەو جۆرە هونەرەی کرد، یێک لەوانە گەعدەکی هونەرمەندان تاهیر تۆفیق، حەیدەر بەقاڵ و محەمەد جەزای بوو، ساری ١٩٧٦ لە ماری (عەبدولغەففار ئەلسائیغ)ی ئەمینداری گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە بۆنەکی کۆمەرایەتی سازیان کردبوو، لەو دانیشتنەی (١٥) گۆرانی و مەقامیان تۆمار کرد، پاشی وان چەند کەسەکی دیکە دەستیان بەو هونەرەی کرد وەکی سەعدی عەلی، جەعفەر سەلیم، جەلال سەعید، عوسمان حوسێن، عارەب عوسمان، قادر زیرەک، ئازاد کەریم، ساڵح سەرچناری، عارەب عوسمان، نیزام شوکر، سلێمان سوورە، ڕەحمان قوربانی، خدر خۆشناو، ئیسماعیل قوربانی و زولەیخا وەلی، دیارترین بەرهەم گەعدەکەی جەلال سەعید و کەریم خەمزەیی بوو لە ساری ١٩٧٨، (١٢) گۆرانییان لە کاسێتی تۆمار کرد، ئەو بەرهەمە دەنگدانەوەکی زۆری لە کوردستان هەبوو، زۆرجار ئێسگەی کوردی بەغداش پەخشی دەکرد، لە سەرەتای هەشتاکاندا گەنجێک لە گەڕەکی بەستەپیازەی میللی و هەژارنشین دەرکەت، ئەو گەنجە فەرهاد زیرەک بوو، خاوەنی قوڕگەکی بەهێز و تیژ، ئەو گەعدەکانی لە بەستەپیازەی دەستپێکرد و لە هەموو هەولێرێ دەنگی داوە، هەواداری تایبەت بەخۆی هەبوو، لە هونەری مەقامات بەتوانا بوو، نازناوی زیرەکی لە قادر زیرەکی وەرگرت، چونکە خزماتییەکی نێزیکیان هەبوو، فەرهاد دەیان کاسێتی تۆمار کردیە و تا ئێستاش لە لووتکەی گەعدەی دایە، فەرهاد ڕازی نەبووە بچیتە هیچ تیپەکی هونەری و هەمیشە دوور بووە لە ناوەندی ئەکادیمیی هونەری، لەگەر ئەوەش ئەگەر باسی گەعدە و مەقامات بکرێ، دەبی باسی فەرهاد زیرەکی بکرێ، ئەو هەواداری لە کوردستانی گەورە هەیە و زۆر جار بەتورکمانییش گۆرانی دەرێ، یەکێک لە گەعدەکانی ئەو ئاهەنگەیە کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردی لە ماری شێمەی هاڕونی لە مەلا ئۆمەری، لەگەر زولێخا وەلی سازی کردییە، لە ئاهەنگەکی دی لەگەر چەند گۆرانیبێژەکی تورکمان بەتورکمانی گۆرانی دەرێ و دەنگە بەهێزەکەی دەبیتە جێی سەرنجی تورکمانەکانی هەولێرێ، فەرهاد تا ئێستا بەردەوامە، بەران تەمەن وای لێ کردییە بەرهەمی کەمتر بی، لەگەرەویش لە گەڕەکی سەیداوەی نوری گەرمیانی هاتە ناو هونەری گەعدە و شایی، ئەویش خاوەن دەنگەکی باش و بەهێزە، ئەو لەگەر گەعدەچییەکانی سلێمانی و کەرکووک و مهابادێش ئاهەنگی ساز کردییە و هەتا ئێستاش بەردەوامە.

# کتێبفرۆشەکانی جارانی بن قەڵات

پشتیوان عەبدوڵڵا

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا و دوای هەڵگیرساندنی شەڕی عێراق و ئێران، دیاردەی کتێبفرۆشتن لەسەر جادە، لە نزیک قەڵات و دادگای کۆن پەیدا بوو، خەڵک پتر بۆ کڕینی کتێبی کۆن و تازە ڕوویان لەو جادانە دەکرد و کەمتر دەچوونە کتێبخانەکان.

ئەوکات لە هەولێر زۆربەی کتێبفرۆشەکانی سەر جادە، نووسەر و ڕۆشنبیرانی هەولێر بوون، کە کتێبەکانی خۆیان دەفرۆشتەوە. هەروەها کڕیاریش هەستیان بە ئازادییەکی زیاتر دەکرد لە کڕینی کتێب لەسەر جادە، چونکە کاتێک کتێب لەسەر شۆستە و دوور لە ڕەفە نمایش دەکرێن، چاودێرییشیان کەمتر لەسەرە.

تا ساڵانی نەوەتەکانیش ئەو بازاڕەی کتێبفرۆشتنی سەر جادەیە لە هەولێر جمەی دەهات، لەوێ کتێبی دانسقە و دەگمەن پەیدا دەبوون، لەگەڵ ئەو کتێبانەش کە بە قاچاخ و دوور لە چاوی هێزە ئەمنییەکانی بەعس دەفرۆشران، بەتایبەتی کتێبە مارکسییەکان و کتێبە نەتەوەیییەکان کە بە قاچاخ لە چاپخانە کوردییەکانی ئێران دەهاتنە هەولێر.

ئەوسا کتێب بازاڕێکی زۆر باشی هەبوو، خوێنەر زۆر بوون، زیندانیکراوەکانیش کەسوکاریان دەنارد و داوای کڕینی کتێبیان لێ دەکردن. کتێبی باشیش کەم بوو، بەڵام کتێبە مارکسییەکان، فەلسەفییەکان، وجوودی، ڕۆمان، چیرۆکەکانی عەزیز نەسین، کتێبە نەتەوەییەکان، دیوانی گۆران، کتێبی مێژووی کورد، شەرەفنامە و دیوانی تاریک و ڕوونی هێمن داوای زۆریان لەسەر بوو.


وێنە: گەیلان حاجی
کتێبە دانسقە و قەدەغەکان لە بن دیواری قەڵات دەفرۆشران

زۆجار کتێبخوازان پێشتر داوای کتێبێکیان دەکرد و ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی دەبوون تا کتێبەکە دەس تدەکەوت.

هەروەها کتێبفرۆشەکانی ئەوسا لە نووسەر و هونەرمەند و ڕۆشنبیرانی وەک مامۆستا عەباس عەبدوڵلا یوسف، جەلال زەنگابادی، عەبدولخالق سەرسام، موئەیەد فەقێ، ڕێدار ئەنوەر، پشتیوان عەبدوڵڵا، ئەمیر تەها، جەلال خان، ڕێدار سابیر، تاریق کارێزی و سەفەر عەلی و زۆری تر پێک هاتبوون. زۆربەی ئەوانەش کتێبەکانی خۆیان دەفرۆشت و بە بەشێکی پارەکەی کتێبی تریان بۆ خۆیان دەکڕی و ئێوارانیش شوێنەکە جمەی دەهات و موناقەشەی کولتووری و هونەری و فیکریی لێ دەکرا، فەزایەکی ڕۆشنبیریی تایبەت دروست دەبوو. نووسەر و ڕۆشنبیرانی شارەکانی تری کوردستانیش زۆرجار سەردانی ئەو بازاڕ و شۆستەی کتێبفرۆشیەیان دەکرد.

کتێب ئەوسا بە نرخ بوو، خوێنەر عەوداڵ بوون، جار هەبووە بۆ دەستکەوتنی کتێبی تایبەت و نایاب نووسەرەکان سەردانی بازاڕی موتەنەبیی بەغدایان دەکرد

هەروەها ئەو سەردەمە لە هەولێر کتێبدز زۆر بوون، کتێبدزەکان خوێنەری ئاسایی نەبوون بەڵکو خودی نووسەران و ڕۆشنبیران بوون، بەڵام ئەوان هەرگیز کتێبیان لەسەر شۆستە و لە برادەرە نووسەرەکانی خۆیان نەدەدزی، بەڵکو لە کتێبخانەکانیان دەدزی.

## تەمەنی 400 ساڵە

# دیارییە بەنرخەکەی خەڵکی پیران بۆ میوان

دهۆك بەڕۆژی

دوای ئەوەی بەر لە نزیکەی ٤٠٠ ساڵ کانێکی خوێ لە ناحیەی پیران دۆزرایەوە، لەوساوە تا ئێستا دانیشتوانی دەڤەرەکە بە ڕێژەیەکی کەم نەبێت، پێویستیان بە هاوردەکردنی خوێ لە دەرەوەی دەڤەرەکە نەبووە.

نەزەد خدر دانیشتوویەکی گوندی پیرانە باسی کانە خوێیەکەی سنوورەکەیان و چۆنیەتیی دەرهێنانی بۆ (گڵگەند) دەگێڕێتەوە و دەڵێ پیران خاوەنی یەکەم کانی خوێیە لە هەرێمی کوردستان و هەموو ساڵێ لە کۆتاییی وەرزی بەهارەوە دەست بە دەرهێنانی خوێ دەکەن تا کۆتایی وەرزی پایز.

خەڵکی گوندی پیران لە وەرزی بەهاردا ڕۆژانە ١٠٠ تا ٢٠٠ کیلۆگرام خوێ بەرهەم دێنن، لە وەرزی هاوینیشدا بەرهەمی خوێیەکە بۆ ١٢٠ تا ١٥٠ کیلۆگرام کەم دەبێتەوە، چونکە سەرچاوەی ئەم خوێیە ئاوەکەیە، کاتێک ئاوی کانیاوی خوێیەکە کەم دەبێتەوە، خوێیەکەش کەم دەبێتەوە. ئەمەش لە کاتێکدایە کە گوندی پیران تەنها یەک بیر یان کانی خوێی لێیە و پتر لە ٧٠٠ بنەماڵەش لەو گوندە نیشتەجێن، پێداویستی خوێی خۆیان لەو بیرە دابین دەکەن.

خەڵکی پیران ڕۆژانە بەپێی لیستێک، بە نۆرە، هەر ڕۆژەی ماڵێک دەچنە سەر بیر یان کانی خوێیەکە و لە قووڵاییی هەشت مەترەوە ئاوە ڕوون و سوێرەکە


کانیە خوێیەکەی گوندی پیران

هەڵدەگۆزن و لە مەنجەڵێکی گەورەی دەکەن، پاشان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک ئاگری دەدەن و دەیکوڵێنن و دەیکەن بە خوێ. بە قسەی نەزەد، تا ئێستا بیر لەوە نەکراوەتەوە کە کارگەیەک دابندرێ بۆ هەناردەکردنی ئەم خوێیە، بەڵکو خەڵکی پیران ئەم کانە خوێیە کە لەلایەن باوک و باپیرانیانەوە بۆیان بەجێ ماوە، وەک میراتێکی نیشتمانی دەیبینن و بە ئەرکی خۆیان دەزانن بیپارێزن.

ئێستا خوێی پیران بەنرخترین دیارییە کە خەڵکی دەڤەرەکە بە میوانانی دەبەخشن کاتێک سەردانی گوندەکە دەکەن.

لای خۆیەوە سامەند رەسووڵ دانیشتوویەکی تری گوندی پیرانە و دەڵێ ئاوی ئەم کانییە شیاو نییە بۆ خواردنەوە، چونکە ڕێژەی خوێیەکەی زۆرە و تەنها بۆ خوێ بەکاری دەهێنن.

باس لەوەش دەکات هیچ مێژوویەک و دەستنووسێک نییە بۆ ئەوەی بە تەواوی دڵنیا بن مێژووی ئەم کانییە بۆ چ سەدەیەک دەگەڕێتەوە.

پیران پێش ئەوەی ببێت بە ناحیە، لە کۆنەوە گوندێکی گەورەی دەڤەرەکە بووە و گەلێک ڕووداوی جۆراوجۆری بەسەردا هاتووە، بەتایبەت لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا، چونکە چەندین جار بەر هێرشی رژێمی عێراق کەوتووە و وێران کراوە و سووتێندراوە، دیارترینیشیان ساڵی ١٩٧٨ بوو کە خەڵکەکەی راگوێزران و پیران بەتەواوی وێران کرا

لای خۆیەوە هەژار جەوهەر بەڕێوەبەری ناحیەی پیران سەر بە قەزای مێرگەسوور کە لە (٥٤) گوند پێکهاتووە و ڕێژەی دانیشتوانی شەش هەزار و ٧١٥ کەسە، بە (گڵگەند)ی راگەیاند جێی شانازییە بۆ خەڵکی دەڤەری بارزان کە بنیاتی ئەو بیر و کانیە بۆ کەسایەتیی ناوداری پیران (شێخ یوسف) دەگەڕێتەوە، لە هەمووی گرینگتر ئەم خوێیە لە کۆنەوە بۆ چەندین مەبەستی تایبەتی وەکو کشتوکاڵ و تەندروستی بەکار هاتووە. هەروەها باس لەوە دەکات کە وەکو ئیدارە هەرچی پێویست بووە لە دابینکردنی کارەبا و ئاو بۆ کانیەکە جێبەجێیان کردووە و ئێستاش لەگەڵ فەرمانگەی شوێنەواری مێرگەسوور پلان بۆ نۆژەنکردنەوەی دادەنێن.

# ڕێگا و قاڵدرمەکانی قەڵاتێ

## بە 90 دینار دروست کراون

**نازم دڵبەند**

دیارە چیرۆکنووس مامۆستا محەمەد مەولوود مەم، چەند پەرۆشی مێژووی ئەدەبی خۆی بووە، ئەوەندەش پەرۆشی هەڵگرتنی نووسراو و دۆکیومێنتەکان بووە لە کات و سەردەمی فەرمانبەرییەتیی خۆیدا لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر، بە تایبەت ئەوانەی بڕیاری دروست بوون بۆ جوانیی شارەکە و پاراستنی سیمای هەولێر.


ئەمەش بەشێکە لە کوردستانیبوونی ئەم کەڵەپیاوە، چونکە ئەودەم هەستی بەوە کردووە ڕۆژێ دادێت ئەم نووسراو و دۆکیومێنتانە دەبنە سەرچاوەیەکی مێژووی هەولێرێ.

بە دیتنی باوڵە پڕ دۆکیومێنتەکانی شاگەشکە دەبی، کە چۆن مامۆستا محەمەد مەولوود مەم پێش دەیان ساڵ بیری بۆ ئەوە چووە ئەو سەروەتە زیندووەی شار هەڵبگرێ، کە سەربار ی ئەو هەموو هەڵکشان و داکشانە سیاسییانەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، بەڵام ئەو توانیویەتی زۆر بە تەقەتی هەڵیان بگرێت.

لەو دۆکیومێنتەی ئەمجارە بڵاوی دەکەینەوە، دەردەکەوێت کە بەر لە دەیان ساڵ ڕێگا و قاڵدرمەکانی قەڵاتێ هەولێرێ بە (٩٠) دینار دروست کراون، ئەمەش بەپێی نووسراوی ژمارە (١٢٨١) لە (١٩٣٨/٧/٣١)، تیایدا دەردەکەوێ لە سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر ڕەزامەندیی وەرگیراوە.

فەرمانەکە دەڵێ پڕۆژەکە بەو بڕە پارەیە بدرێتە بەڵێندەر حەسەن سورکان، بەپشت بەستن بە بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانی ژمارە (٤٩٩) لە (١٩٣٨/٧/٢٥)، داواش لە بەڵێندەرەکە کراوە ئەوراقەکانی خۆی پێشکێش بکات و دەست بە کارەکانی ئەم پڕۆژەیە بکات.

ئەو ڕێگا و قاڵدرمانەی دەبیندرێن کە بۆ قەڵاتێ دەچێ بەر لە (٨٧) ساڵ بۆ پیادە و سەرکەوتنی ئۆتۆمۆبێل دروست کراون و تا ئێستاش وەک خۆیەتی.



رياسة بلدية اربيل
قلم التحريرات

العدد ١٢٨١/٩

الموضوع: اصلاحی طریق القلعه

[illegible]




لە ڕاستەوە: مەحموود زامدار، بەدیع باباجان، عومەر شێخەڵڵا، ....، مەم

---

بتشکێن



گۆران سەباح

## بە ڕەبەی کوردان ڕۆشنبیر ئەوهایە

– وتەی بیرمەندانی بیانیی لەبەربێت و ڕیزیان بکات (فێرە قال و قیل بێت). بیرکۆر خۆی پێ کەمە، بۆیە بنۆڕێ خاوەنی هیچ تیۆرێک و فەلسەفەیەک و دیدگەیەکی خۆماڵی نییە، تومەز بە لەبەرکردنی قسەی بیرمەندانی خۆرئاوا فێرە، خاوەنی ڕای خۆی نییە، پێناسە و بۆچوونی خۆی بۆ هیچ شتێک نییە، بۆیە کاتێ قسە دەکات، سەری سێیەم ڕستەی، پەنا دەباتە بەر وتەی ناوداران، فڵان وا دەڵێ، فیسار وای گوت.

– جگەرەکێش و مەشروبخۆر، تاک ئازادە هەرچی بکێشێت و بخواتەوە، بەڵام کاتێ دێ شانازیی پێوە دەکات و دەیکاتە پێوەر بۆ مۆدێرنیتە و ڕۆشنبیری، ئەوانە بە دواکەوتوو و ناڕۆشنبیر دەزانێت کە ناخۆنەوە و ناکێشن، ئەودەمە لە بازنەی ئازادی دەردەچێت و دەچێتە بازنەی ناحاڵیبوون (جەهل).

– بەدڕەوشت، تاک لە ژیانی تایبەتی خۆیدا ئازادە، خۆی و خوای خۆی، با هەر شەوەی لەگەڵ کەسێکدا بێت، ئەوە پەیوەندیی بە خۆیەوە هەیە، بەڵام ئەودەمە دەبێتە داوێنپیسی و بەدڕەوشتی کە شانازیی پێوە دەکا و لای ئەم و ئەو وەک پاڵەوان خۆی دەردەخات.

– درۆزن، فێڵزان، گەندەڵ و مشەخۆر.

– دژەئاین، هەندێ لەو بەناو ڕۆشنبیرانە پێیانوایە لە دین تێ گەیشتوون، پێیان وایە ئاین هەڵەیە و ئەوان ڕاستن، هیچ مولحیدێکی ڕۆشنبیر چەشنی بیرکۆرانی مە بەو شێوازە سەقەتە قسە لەسەر ئایین ناکەن.

– زۆری دەڵێ و هیچ ناڵێ (بنۆڕنە وتارەکانیان).

– نەقڵکردنی فیکری خۆرئاوا بە سەقەتی.

– زۆرزان لە دزیی ئەدەبی، زۆرزان لە قسە فڕێدان، وەستا لە قسەی زل و باقوبریق.

– تەڵاق، پێی وایە دەگاتە لووتکەی مۆدێرنیتە کاتێ هاوسەری تەڵاق دەدات.

– کۆرێتیکەر، ئەو ڤایرۆسانە کاتێ ئامادەی کۆڕێک دەبن، نازانن پرسیار بکەن، زۆری دەرێسن

– پاشقولگر، پەنجەشکێن و ملشکێن.

– دووڕوو، کە دەتبینێت پێتدا هەڵدەڵێت، پاشملە زەمت دەکات.

– وەهم، پێیان وایە لە هەموو شتێک لەخۆ بووینەوە، بۆیە خۆی لێ دەبێتە شت.

– بیرتەسک، نەمدیتییە لە ڕۆشنبیری کورد بیرتەسکتر، قینچکەتەنگتر و مێشک بۆگەنتر.

– خۆنەناس، خۆی ناناسێت، نازانێت چی دەوێت، نازانێت چی دەنووسێت و چی دەڵێت.

## لە بیرەوەرییەکانی سەباح عەبدوڕەحماندا

# دایکم بە کۆچی دواییی براکەم چاوەکانی لەدەست دا



گڵکەند

من سەباح عەبدوڕەحمان عەبدوڵڵا خۆشناو، بەپێی تۆماری باری کەسی و زۆربەی کەسانی تری ئەو سەردەمە، لە یەکی تەمووزی ١٩٤٥ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لە خێزانێکی کاسبکار هاتوومەتە سەر دنیا.

باوکم بە ڕەچەڵەک خۆشناو بووە و دایکیشم ئافرەتێکی موهاجری سەفەر بەلک لە کۆڕەوەکە لە دوو برای دابڕایە و چارەنووسی سەرەتا کەوتووەتە ناو گەردییان، دواتر لەماڵی شێخ مستەفا نەقشبەندی جێنشین بووە، دیارە ئەوسا خەڵکی بێ کەس و لێقەوماو پەنایان دەبردە بەر خێروبێری ماڵە شێخ و مزگەوت و حوجرەکان بەمەبەستی حەوانەوە و ئۆقرەگرتن.

باوکیشم ئەوکاتە لەگەڵ خوشکێکی نابینا لەو شوێنە لە خزمەتی سرووتی خواپەرستی و موریدایەتی بووە، هەر لە حوجرەی ئەو مزگەوتە قورئانی پیرۆزی خەتم کردووە و فێری خوێندەواری بووە.

قسمەتی هاوسەرگیریشی لەگەڵ عەیشێی دایکم هەر لەسەر دەستی ماڵە شێخی بۆ ڕەخساوە، بەڵام دواتر فێری سەرتاشین بووە و کردوویەتی بە پیشە، دوکانێکی لە بناری قەڵاتی هەولێر کردووەتەوە بەمەش توانیویەتی بژێویی خێزانێکی هەشت نەفەری دابین بکات کە لە چوار کچ و دوو کوڕ پێک هاتبووین: ستی، حەمدیە، سەعدیە، سامیە، سەڵاح و سەباح، من پاشەبەرەی ئەو خێزانە بووم.

ئەوەی من بینیومە دوکانەکەی باوکم سەرباری پیشەی سەرتاشی وەک نۆرینگەیەکی پزیشکیش بوو، بەردەوام شرینقە و دەرزیی لەناو تاسەیێک لەسەر ئاگرێک بوو بە سووتانی ئیسپرتۆ گەرماییی دەدا. جانتاییێکی پێستی قاوەیی هەبوو، دەرمان و کەرەستەی سونەتی منداڵانی تێیدا بوو. زۆرجار لە تەمەنی حەفت هەشت ساڵی لەگەڵ خۆی دەبردم بۆ لادێکانی دەوروبەری هەولێر بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، لەو تەمەنە بووم هێشتا سونەت نەکرابووم، ئەوەندە لە بەرچاوم ئەو کارە ئەنجام درابوو، زراو ڕژابووم لە ترسی دیمەنی مووسەکە و ئەو هەڵایەی کە دەکرا. زیرە و هاواری منداڵەکە تێکەڵ بە سەڵەوات و هەلهەلەی ژنان تۆقاندبوومی و فۆبیاییێکی لا دروست کردبووم. لە ماڵەوە هەرکە ناوی ئەو شتەیان دەهێنا، دەکەوتمە گریان و خۆ بە عەرزکوتینێک ئەوسەری دیار نەبوو.

من لەو تەمەنە کە لە پۆلی یەکی سەرەتایی بووم لە قوتابخانەی (مستەوفی) لە تەیراوە، بەداخەوە سەڵاحی برام بە ڕووداوێکی کتوپڕی دڵتەزێن لە گۆڕەپانی غارغارێنی نمایشی ساڵانی قوتابخانەکان کەوتە خوارەوە و گیانی لەدەست دا. ئەو ڕووداوە بۆ هەولێرێکی بچووکی چوار گەڕەک زۆر گەورە بوو، بۆ قوتابخانەش کارەساتێکی خەفەتئامێز بوو. لە بیرمە ئەو ڕۆژەی هەموو قوتابیان لە گۆڕەپانی قوتابخانە ریز کران، پەڕاوەکانی سەڵاحی برامیان سووتاند بەدەم سروود و وتاری مامۆستا جەمال جەمیل بەڕێوەبەر و مامۆستا محەمەد عەبدولسەمەد مامۆستای وەرزش.

تا پۆلی چوار لەو قوتابخانەیە بووم، دوایێ لەبەر زۆریی ژمارەی قوتابیان، ئێمە ژمارەیێک گوازراینەوە قوتابخانەی نەهزە کە دەکەوتە پشت بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستیی هەولێری ئێستا و بەڕێوەبەرەکەی ناوی مامۆستا عەلی حەمادی بوو، هەر لەو قوتابخانەیە بەهرەی هونەریم بەتایبەتی هونەری نواندنم لەسەر دەستی مامۆستای وانەی ئایین دەرکەوت.

ئەو مامۆستایە جاروبار ژمارەیەک قوتابیی هەڵدەبژارد بۆ نواندنی کورتە چیرۆکی ئایینی وەک ئامرازێک بۆ ڕوونکردنەوەی وانەکان. من سەردەستەی ئەو گرووپە بووم و بەردەوام ڕۆڵی سەرەکیم دەبینی، ئەو چالاکییانە لە پۆل پێشکەش دەکران، هەندێ جاریش بە جلوبەرگ و ئێکسسوارات کە مامۆستا بۆی دابین دەکردین لە ڕۆژانی پێنجشەممە کە (تەحیەتولعەلەم) بەڕێوە دەچوو، نمایشمان بۆ قوتابیان دەکرد. بۆ خوێندنەوەی سەرچاوەی ئەو چیرۆکانەش، مامۆستای ئایین دەیناردینە پەڕتووکخانەی ئیسلامی کە خاوەنەکەی ناوی (مامۆستا موحسین) بوو، بە خۆڕایی ئەو پەرتووک و نامیلکانەی دابەش دەکرد.

کتێبخانەی نزیک دوکانەکەی فاروق شەشاوی بوو بەرامبەر کۆڵانی شەشاوی کە ئێستا ژمارەیێک دوکانی جلوبەرگ و کۆگای گرتووەتە خۆی. لە دەستپێکی پۆلی پێنج کۆمەڵە قوتابییێک هەر بە هاندانی ئەو مامۆستایە ڕۆژانی هەینی ڕێک دەکەوتن و دەچوونە مزگەوتی شێخی چۆلی بۆ نوێژ و گوێگرتن لە گوتاری هەینی.

من دوو جار بەشداریم کرد، بەڵام دواتر باوکم زانی و زۆر بە توندی چاوی لێ سوور کردمەوە و ڕێگری لێ کردم. خۆ باوکم پیاوێکی ئیماندار بوو، سەری چووبا نوێژ و تاعەتی نەدەچوو، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت کە باوکم لە ڕێگای پارێزەر (محەمەد سادق) کە هاتوچۆی دەکرد، زانیاریی دەستکەتبوو کە ئەو مامۆستایە و موحسینی خاوەن کتێبخانەی ئیسلامی هەردووکیان سەر بە (ئیخوان موسلیمین)ن وەک خۆی لە ماڵەوە باسی کردبوو (محەمەد سادق) هەر خۆی بەرپرسی ڕێکخستنی ئەو بزووتنەوەیە بووە. باوکم زۆر مرۆڤدۆست و بە بەزەیی بوو لەگەڵ خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت، بەردەوام



وێنە: گەیلان حاجی

ئامۆژگاریی ئێمەی دەکرد کە هاوکاریی خەڵکی هەژار بکەین.

ئەحمەد بێکەسی خوارزای (باوکی دوکتۆر دلێر) و کۆسرەت خانی خێزانی هەر لە ماڵی ئێمە گەورە بوو، کەوتە نێو بزاوتی سیاسەت و کوردایەتی. لای باوکم فێرە سەرتاشیی بوو، دواتر باوکم هاوکاریی کرد و دوکانێکی سەرتاشی لە ڕیز ستۆدیۆی دوکتۆر جەمشید حەیدەری دامەزراند تا ئەو کاتەی هاوسەرگیریی کرد.

قەت نەمزانیوە باوکم سەر بە حزب و لایەنێک بووبێ، بەڵام ڕۆژێکیان لەناو چەکمەجەکەی مێزتوالێتی دوکان لەژێر کەلوپەلی سەرتاشی چاوم بە دەبانچەییێکی بچووک کەوت.

ڕۆژێکیان زۆر بە پەشۆکاوی دەبانچەکەی لە خاولییێک لوول دا و لەگەڵ چەند خاولییێک خستییە نێو توورەگەیێک و پێی گوتم بەغار ئەوە بگەیێنە ماڵەوە و پێیان بڵێ باش تەقەتی کەن. منیش هەر بە غار بۆی دەرچووم تورەگەکەم دا خوشکەکانم و بە پەلە گەڕامەوە. بەڵام بینیم دوکان دەرگای داخراوە. حاجی سلێمان باوکی حاجی ئەکرەم بەزازی لە پاڵ دوکانی باوکم بوو. جگەرە و تووتن و پاکەتی دەفرۆشت. بانگی کردم گوتی پۆلیس هات و دوکانی باوکتیان پشکنی و لەگەڵ خۆیان بردیان. بڕۆ بەپەلە ئاگاداری ماڵەوە بکە. هەر زوو گەڕامەوە ماڵێ و باسەکەم پێ ڕاگەیاندن. ئەوانیش بەپەلە چوون ئاگاداری شێمحەمەدی زاوامانیان کرد و کەوتنە سۆراغی باوکم. دواتر کە ئێوارە گەڕایەوە ماڵێ، زانیمان بەهۆی دەستگیرکردنی ئەحمەد بێکەسی خوارزایەوە، ئەویان بانگ کردووە.

ئێمە وەک خێزان تێکەڵاوییێکی زۆرمان لەگەڵ ماڵی حەمید عوسمان هەبوو کە لەو سەردەمە سیاسەتمەدارێکی دیار بوو. باوکیشم لە گفتوگۆ و هەڵسوکەوتەکانی لەوە دەچوو هەواداری حزبی شیوعی بووبێت. کۆڵانەکەی ئێمە ڕێک دەیڕوانییە پەنجەرەکانی بەندینخانەی هەولێر کە کەوتبووە پشتەوەی موتەسەرفیە. بەردەوام ئێمەی منداڵانی گەڕەک لە بەردەم ئەو پەنجەرانە گوێبیستی دەنگەدەنگ و هەرای ناو بەندینخانە دەبووین. تۆپ تۆپێن و گەمەمان بە زۆر لەو شوێنە بوو. فەرهادی کوڕەکەی مام شەریفی ئاشچی بەندینخانە هاوڕێمان بوو. بەندکراوە سیاسییەکان زۆرجار لە کولانکەی ئەو پەنجەرانە دەیاندواندین و قسەیان بۆ دەکردین. هەندێ جار داوای یارمەتییان لێ دەکردین بۆ گەیاندنی هەواڵی گرتنیان بۆ لای کەسوکاریان کە ناونیشانی ماڵەکانیان لەسەر پارچە کاغەزێکی بچووک بۆیان هەڵدەدایین. شەریفی ئاشچی برادەری باوکم بوو، تا بڵێی مرۆڤێکی چاک بوو، زۆرجار هاوکاریی دەگەیاندە بەندکراوەکان لە کاتی دابەشکردنی بەشە خۆراک.

مردنی سەڵاحی برا گەورەم مەرگەساتێکی گەورە بوو، بە تایبەتیش بۆ دایکم کە دوای چەند مانگێک لە ئەنجامی خەم و گریانی بەردەوام، هەردوو چاوی لەدەست دا، دوای ساڵێک نابینایی، پێیەکانیشی لە کار کەوتن و کەوتە ناو بارگەی نەخۆشییێکی قورس، بەمەش بووە جەستەیەکی پڕ خەمی هەمیشەیی نێو خێزان و زۆری نەبرد کاتێ من تەمەنم دە ساڵ بوو، دایکم ئەمری خوای بەجێ گەیاند.

# هەولێرییەکان بۆ کۆمەکی قوربانیانی هەڵەبجە نانی هەورامییان دەکڕی

عومەر عەلی غەفوور

پاش ئەوەی خەڵکی هەڵەبجە بەسوودوەرگرتن لە لێبووردنێکی گشتیی ڕژێمی بەعس، بۆ ماوەی مانگێک لە ١٩٨٨/٩/٦ تاکو ١٩٨٨/١٠/٦ لە ئێرانەوە گەڕانەوە عێراق، لە مانگی یازدەی ١٩٨٨ وەک جۆرە نەفیکردنێک راگوێزرانە چەند ئۆردوگایەکی زۆرەملێ لە چەند ئۆردوگایەکی نیمچە زیندانی ناوچەی زرارەتیی دەشتی هەولێر، کە لە ڕاستیدا ئۆردوگایش نەبوون وەک ئۆردوگا زۆرەملێکانی تر کە لانیکەم زەوی و کەرەستەی خانووکردنیان تێدا بە خەڵک دەدرا، بەڵکو دەشتێکی رووتەنی کاکی بەکاکی بوو بەبێ پێدانی تەنانەت چادرێکیش، دیارترینیان ئۆردوگای گردەچاڵ و بەروشتر بوون.

واز لە باسی وردەکاریی نەهامەتییەکان دێنم کە لە ماوەی نزیکەی دوو ساڵدا بەسەرماندا هات، لە کاتێکدا چەند مانگێک بوو کیمیاباران کرابووین، ئاوارە و بێ ماڵ و بێ کار لە ئێران گەڕابووینەوە و چاوەڕێی قەرەبوو بووین، کەچی لە سەرەتای وەرزی سەرما و سۆڵەدا لە دەشتێکی چۆڵی پڕ لە دڕکوداڵدا هەڵیان ڕشتین، بەبێ دابینکردنی هیچ پێداویستییەکی ژیان، هیچ نەبێ چادرێک یان فەردەیەک ئازووقە یا دوو دینار، تەنانەت لە سەرەتاکاندا چوونە دەرەوەیش بەبێ مۆڵەتنامەیەکی چەند سەعاتی قەدەغە بوو.

خەڵک بێ ئیش و کار و باخەڵ خاڵی، ئەو پیاوانەی تۆزێ تەڕایی ژیانیان تێدا بووایە وەک نەریتی ئەو کاتە سەوق کرابیوون بۆ سەربازی، ئەوانەی مووچەخۆری حکوومەتیش بوون نەخرانەوە سەر کارەکانیان.

لە بێبەختیی ئێمە ئەو زستانە جیاواز لە ساڵانی ئاسایی بەفرێکی زۆر لە هەولێر باری، ئەو دەشتەیشی گرتەوە، خەڵکی هەولێر دەیانگوت بیست ساڵە بەفری وا لەم ناوچەیە نەباریوە!

لەو دۆخە خراپەی گوزەراندا ئافرەتان ناچار بوون شان بدەنە ژێر ئەرکی دابینکردنی بژێویی خێزانەکانیان؛ ڕۆژانە دەیان ئافرەتی تەمەن جیاواز بەیانیی زوو ڕوویان دەکردە کێڵگە کشتوکاڵییەکانی گوندەکانی ئەو نزیکانە و وەک کرێکار ڕۆژانە بە پێنج شەش دینار کاریان دەکرد، لە ماڵەوەیش بەشی هەرە زۆریان خەریکی کڵاشچنین بوون، کە کارێکی ورد و ماندووکەرە و بە دوو سێ ڕۆژ جووتێ کڵاشیان دەچنی، کڕیار هەبوو جووتی بە دوو سێ دینار دەیانکڕی.

یەکێک لەو کارانەی تر کە بەشێکی زۆری کابانەکان بەیارمەتیی کچەکانیان بۆ دابینکردنی بژێوی دەیانکرد ئەوە بوو نانی هەورامییان دەکرد و دەیاننارد لە هەولێر دەیانفرۆشت، درەنگی شەوان ئەگەر بەکۆڵانەکانی نێوان خێوەتەکاندا گوزەرت بکردایە لە چەندین ماڵ گوێت لە دەنگی تەپەتەپی نانکردن دەبوو، کە تا درەنگانێ نانیان دەکرد و مووچە مووچە دەیانخستە ناو کیسە نایلۆن، جا بیست، سی کیسە زیاتر یان کەمتریان دەخستنە گونییەیەک و بەیانی زوو مێرد، منداڵ، یان خۆیان بەو ئۆتۆمۆبێلە جێبانەیی خەتی گردەچاڵ-هەولێر (بە نیو دینار) دەیانبردە بازاڕی هەولێر و لەوێ لە بەردەم دوکان و لە کوچە و کۆڵانەکانی بازاڕدا کارتۆن یان گونییەیەکیان رادەخست و نانەکانیان لەسەر دادەنا بۆ فرۆشتن، کە دەچوویتە بازاڕ لە دەیان شوێن ئەو نانفرۆشانەت دەدی بەدیار نانەکانیانەوە دانیشتبوون.

کابانە زەحمەتکێشەکان بۆ یەکەم جار فرۆشتنی نانی هەورامییان کردە پیشە و سەرچاوەی بژێوی، پێشتر نانی هەورامی کە نانی سەرەکیی ماڵانە لە دەڤەری هەڵەبجە و شارەزوور و بەشێکی زۆری کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش، نەدەفرۆشرا، بەڵام ئەوە بوو بە سەرەتا و ئێستا لە هەڵەبجە و لە کوردستانی ئەودیویش دەیان شوێن هەن نانی هەورامی دەکەن و بووە بە پیشەیەکی نان پەیداکردن بۆ خانمان.

ئەڵبەت ئێمە خۆمان ئەو کارەمان نەدەکرد، زیاتر بەداهاتی مانگایەکی هۆڵەندی دەژیاین کە ڕۆژانە بە فرۆشتنی بەرهەمەکانی ٥-٦ دینارمان دەست دەکەوت، تەنها یەک ڕۆژی هاوین چووم بۆ کرێکاری لەو دەشتە و دەرمانم بەسەر بێستانێکدا دەوەشاند، کە هاتمەوە لەبەر هەتاوەکە ڕەش هەڵگەڕابووم؛ دایکم ئیتر نەیهێشت جارێکی تر بچمەوە.

نەمدەزانی ئەو نانفرۆشانە لەو کارە چەند پارەیان دەست دەکەوت، بەڵام سەرقاڵبوونی ئەو هەموو ماڵانە بەو کارەوە بەڵگە بوو کە کارەکەیان یارمەتیدەرێکی باش بووە بۆیان، چونکە جگە لەوەی نانی هەورامی خۆی نانێکی ناسک و دانسقەیە بەتایبەت بۆ خەڵکی هەولێر کە بەو نانە ئاشنا نەبوون و فرۆشی باش بووە، خەڵکی هەولێریش کە دەیانزانی ئەو خەڵکە لێقەوماون هەم نانەکەیان لێ دەکڕین هەمیش لە پاڵ ئەوەدا خەڵک هەبووە کۆمەکی کردوون، بەتایبەت لە مانگی رەمەزاندا، کە زۆر کەس لەو مانگەدا زەکات دەدەن و خێر دەکەن.

خەڵک بەگشتی بە سروشتی خەڵکی هەولێر ئاسوودە بوون، مەرج نییە ئەوە هەر لەبەر ئەوە بووبێ خێرخوازانی دەڤەرەکە دەستی کۆمەکیان بۆ درێژ کردبن، چونکە گوزەرانی خەڵک وردە وردە باشتر بوو، مووچەخۆران گەڕانەوە سەر وەزیفەکانیان، بەڵکو زیاتر لەبەر سادەیی و هاوخەمییان بوو.


وێنە: ناسیح عەلی خەیات
ژنانی قوربانیی کارەساتی هەڵەبجە ناچار بوون بۆ بژێویی ژیان کار بکەن

گۆڵبێنە


ئیسماعیل بەرزنجی

## ڕۆژی تەحەڕییەکە

ئاغای واحید بەگ، پیاوێکی دڵتەڕ و خزمدۆست لەگەڵ خەڵک تێکەڵ بوو، سبەینان لە فولکەی جادەی کۆیە بەرەو بازاڕ دەچوو، سڵاوی لەمبەر و لەوبەر دەکرد، لە گەڕانەوەشدا هەر وا بوو، من بەو منداڵییەی خۆم، بە جلوبەرگ و پشدێن و سەر و جەمەدانییەکەی سەرسام بووم، بەردەوام دەبریقانەوە.

لەگەڵ باپیرم سەید غەریب (باوکی دایکم) زۆر برادەر بوون، زۆرجار لە ماڵەوە یان لە مزگەوت سەردانی دەکرد، ڕۆژێکیان دەنگۆی ئەوەی بڵاو بووەوە، کە گەڕەکی سێتاقان تەحەڕی دەکرێت، مام ئاغا دێتە لای باپیرم و لە حوجرە باسی وەزعەکە دەکەن، مام ئاغا دەڵێ «منیش ئەو خەبەرەم بیستووە، ئەتوو دووسێ مریشکی کوردی پەیدا بکە، خەمی هیچت نەبی».

ئەوەندە نابات، مەفرەزەی سوپا و پۆلیس لە بەردەم مزگەوت رادەوەستن، مولازمێک و دە چەکدار دادەبەزن، مام ئاغا بە گەرمی پێشوازییان دەکات، زوو زوو چا و قاوەیان بۆ بانگ دەکات، دەکەونە باس و خواسی دنیا، بە مولازمەکە دەڵێ «ئەمە هەموو پیاوی فەقیرین، ئەوە مام سەیدە کە سێتاقانی دروست کردووە، بەس خزمەتی فەقیران دەکات، تا ئێستا لەو گەڕەکەی شتەکی خراپ رووی نەدایە».

دەبیتە بەرەبەری نیوەڕۆ، مەفرەزەکە دەیانەوێ بڕۆن، مام ئاغا دەڵێ «ئەوە شیو لێندراوە، ئەوەی بێتە لای مام سەید، دەبێ نانی نیوەڕۆ بخوات».

سفرە ڕادەخرێت، تا مڕ دەبن مریشک و پڵاو دەخۆن، مولازمەکە بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی «ئەوە خەبەرم بۆ هات کە لەو ناوە هیچ نەدۆزراوەتەوە»، مام ئاغا وەرامی دەداتەوە «نەمگوت ئێرە ئەمن و ئەمانە؟».

ئەو مەفرەزەیە بۆ پشکنینی جادەی سەرەکیی کۆیە هاتبوون، مام ئاغا بە خواردن و قسەی خۆش ئەرکەکەی لەبیر بردنەوە.

دوای ئەوەی کە دەڕۆن، مام ئاغا واحید بەگ دەڵێت «وای سەید غەریب، ئەگەر فیشەکێکیان بدۆزیباوە، هەردووکمانیان قیڕەبڕ دەکرد، ئەمن دەزانم کە لەخۆڕا نەهاتبوون، شتەک لەو ناوەیدا هەبوو».

وای لێ هات، کە مام ئاغا بەلای باپیرم تێ دەپەڕی، دەیگوت «ئەوە دنیایە، دائیمەن دوو مریشکی ئیحتیات دابنێ، ئەوجارە ئەگەر بێنەوە، گیسکەکیان بۆ سەردەبڕین».

# سیحری بەردی سپی و نیعمەتی گەچ لە چیای قەرەچوخ





وێنەکان: عەبدولجەبار عەلی

کرێکارێکی گەچکاری لە بناری چیای قەرەچوخ

**گڵکەند**

بەردی سپیی چیای قەرەچوخ  نزیکەی سەد ساڵە بووەتە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی گەچ لە ناوچەکەدا، ئەمەش وای کردووە دەیان کوورەی بەرهەمهێنانی گەچ لە سنووری قەزای مەخموور دابمەزرێ و ئەو ناوچەیە ببێتە ناوەندێکی گرنگی بەرهەمهێنانی گەچ لە هەرێمی کوردستاندا.

ڕزگار نامیق خاوەن یەکێک لە کوورەکانی بەرهەمهێنانی گەچە لە سنوورەکە، لە تەمەنێکی بچووکەوە دەستی بەو کارە کردووە، سەرەتا کرێکاری کوورەکانی گەچ بووە، دواتر پەرەی بە کارەکەی داوە و نزیکەی پێنج ساڵ دەبێت بووەتە خاوەن کوورەی تایبەت بەخۆی.

ئەو کە ئێستا تەمەنی چل ساڵە و دانیشتووی قەزای مەخموورە، باس لە جۆری بەرهەمی گەچی سنوورەکەی بۆ (گڵکەند) دەکات و دەڵێ «چەند ڕۆژ جارەک دەچینە چیای، بەردی سپی دەینین، هەتا ئەلعان هیچ بەردەک وەکی ئەو بەردەی سپی و جوان نییە لۆ دروستکردنی گێچ، لۆیێ باشترین گێچی عێراق گێچی مەخموورە».

هەروەها لەبارەی چۆنیەتیی دروستکردنی گەچیشەوە باس لەوە دەکات کە دوای ئەوەی بەرد لە چیای قەرەچوخ دەردەهێنن، دەیبەنە کارگە و لەوێ کەڵەکەیان دەکەن، ئینجا بە ئامێری حەفارە وردیان دەکەن و دەیانخەنە ناو کوورە، تاوەکو دەبێت بە گەچ.

تا ئێستا زۆرترین ڕێژەی گەچ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق لە قەزای مەخموور بەرهەم دەهێندرێت، لە تۆنێک و نیو بەرد، زیاتر لە تۆنێک گەچ بەرهەم دێت.

بە گوتەی ڕزگار نامیق، هەر کارگەیەک هەفتانە نزیکەی ٤٠ تۆن بەرهەمی هەیە، ئەو بەرهەمە جگە لە پێداویستیی ناوەخۆ، ڕەوانەی شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش دەکرێت، وەکو بەغدا و بەسرە، چونکە جۆرەکەی زۆر باشە و داواکاریی زۆری لەسەرە.

ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەو کوورانە دەرفەتی کاریان بۆ سەدان خێزان ڕەخساندووە، نزیکەی ٥٠ کارگە لە سنوورەکە هەن، هەر کارگەیەک زیاتر لە ١٠ کرێکاری هەیە، جیا لەوەش دەیان ئۆتۆمۆبێلی قەڵلابە و ئامێری تر کاری گواستنەوەی بەرد و گەچ دەکەن.

# گۆڕستانەکانی ناو شار سەقف بکەن

**ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی**

تەمەندرێژی و کۆنیی هەولێر وای کردووە چەندین گۆڕستانی گەورەی تێدا کۆببێتەوە، وەک چراغ، ئیمام محەمەد، شێخ محەمەدی خوڕاسان، شێخ مەلا ڕەشید، شێخ ئۆمەر، شێخەڵڵا، شێخی چۆلی، گۆڕستانی سەید مەعروف، شێخ مستەفا و هەردوو گۆڕستانی شێخ ئەحمەد و ڕەنگە هی تریش هەبن، ناوم نەهێنابن.

قسە و مەبەستم لەسەر ئەو گۆڕستانانەی سەنتەری شارەکەن، نەک ئەوانەی دەوروبەر. ئاشکراشە سەنتەری شارەکە وەها پڕ بووەتەوە، ئەگەر پارچە زەوییەک لە شوێنێک مابێتەوە، نرخێکی ئەوتۆ دەکات بە ئەقڵدا ناچێت. ڕەنگە گۆڕستانەکانی سەنتەری شاری هەولێر سەدان دۆنم زەوییان گرتبێت، دەتوانرێ بە کاری بیناسازی، ڕووبەرێکی دەستکرد بەدەست بهێنینەوە کە پیرۆزیی گۆڕەکان و حورمەتیان وەک خۆی بمێنێتەوە و دڵی کەسوکاریشیان نەڕەنجێ، بگرە لە لایێک دەبێتە زێتر گرنگیدان بە گۆڕستانەکان و لەلایەکی تریش جوانکردن و پاکوخاوێنیی نێو گۆڕستانەکان.

دەتوانین بڵێین لەناو گۆڕستانەکان شوێنی دینگە (پایە) بدۆزینەوە بەبێ ئەوەی دەستکاریی گۆڕەکان بکرێت، مەبەست شوێنی بەتاڵە، چەندین دینگە بە شیش و چیمەنتۆ دروست بکرێن و بەرز بکرێتەوە، پاشان تەختە بەسەر دینگە (پایە)کانەوە دەبەسترێت، لە پاش ئەمە شیشڕێژی شێوە حەسیری بەسەر تەختەکەوە بکرێ، ئەوجا کۆنکریتی تێ بکرێت، بەم شێوەیە دەتوانین رووبەری گۆڕستانەکان بەدەست بهێنینەوە.



یەکێک لە گۆڕستانەکانی ناو بازاڕی هەولێر

وێنە: گەیلان حاجی

ئێستا لە ژێرەوە گۆڕستان وەک خۆی ماوەتەوە، دیوارێکی جوان بە دەوری گۆڕستانەکەدا دەکەین، یەکدوو دەرگەش بۆ هاتوچۆی نێو گۆڕستانەکە دادەندرێ، نێوەڕاستی گۆڕستانەکە گڵۆپڕێژ دەکرێت، تا زیارەتکاران بتوانن شەو و ڕۆژ بچنە نێوی و ئەگەر گۆڕستانەکە شوێنی گۆڕی تێدا مابێتەوە، بتوانن کاری گۆڕلێدانیش ئەنجام بدەن.

بەگوێرەی ئەندازەی شیش و پتەویی دینگەکان دەتوانرێت بەسەر ڕووبەرە دەستکردەکەوە چەند قاتی تر بکرێت، چەند زێتر بێت ئەوەندە ڕووبەری زێترمان دەست کەوتووە، ئەوسا دەکرێت قاتێک یان دووان بۆ وەستاندنی سەیارە بەکاربێت، لێرەوە توانیتمان ڕاگرتنی سەیارەکان لە شەقام و کۆڵانەکان کەمتر بکەینەوە، واریداتێکیشە بۆ ئەو کۆمپانیایەی یان شارەوانی کە کاری بیناسازییەکەی ئەنجام داوە، قاتەکانی تریش بۆ نووسینگە و کۆگا و ئەهلی بازاڕ.

دەکرێت هەر شارەوانییەک لە سنووری خۆی ئەگەر ساڵی یەک گۆڕستان وا لێ بکات ئەوە بە چەند ساڵێک دەتواندرێ چەند دۆنم ڕووبەری دەستکرد بەدەست بهێنێن، یان حکوومەت بە موساتەحە بیدات بە کۆمپانیای بیناسازی بۆ هەمان مەبەست.

# گەنجانی هەولێر ڕوو لە کیك بۆکسینگ دەکەن

**کارزان کانەبی**

ماوەیەکە یاری کیک بۆکسینگ لە هەولێر برەوی سەندووە و خواستی زۆری گەنجانی لەسەرە، یارییەکە بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە گەشەسەندنە و ئێستا لە ناوەندی شاردا ١٥ هۆڵی وەرزشیی کیک بۆکسینگ هەیە.

یاریی کیک بۆکسینگ بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٩٣ گەیشتە کوردستان، سەرەتا پێشوازییەکی بەرچاوی لێ نەکرا، بەڵام ئێستا گەنجانی هەولێر بە شێوەیەکی بەرچاو ڕوویان لەم وەرزشە کردووە، بەشێکیان وەکو حەز و بەشێکی تریش بۆ ئەوەی ببنە یاریزانێکی بەتوانا ڕوو لەو یارییە دەکەن.

لەبارەی پێشڤەچوونی یارییەکەوە لە هەولێر، ئاراس جەمیل یاریزانی کۆن و ڕاهێنەری هۆڵە وەرزشییەکان بۆ (گڵکەند) گوتی «کیک بۆکسینگ وەرزشێکی سەردەمیانەیە، ئەوانەی پێشتر یاریی کۆنگفۆیان دەکرد، یارییەکەیان گۆڕی بۆ کیک بۆکسینگ».

بە گوتەی ئاراس جەمیل، کیک بۆکسینگ وەک یارییەکی نوێ کۆکراوەی یارییەکانی کاراتێ و کۆنگفۆ و تایکواندۆ و بۆکسینگە. هەروەها یارییەکی بازرگانیشە و لە جیهاندا وەکو سەرچاوەیەکی داهاتیش ئەو یارییە بەرەوپێش دەچێت.



چەند گەنجێک لە کاتی ڕاهێناندا

لە یاریی کیک بۆکسینگدا بوون بە پاڵەوان ئارامییەکی زۆر و پشوودرێژیی دەوێت، پێویستە یاریزان قۆناغ بەقۆناغ ببڕێ و هەوڵی زۆر بدات، ئەو ڕاهێنەرە دەڵێ زۆربەی ئەو کەسانەی ڕوو لە وەرزشەکە دەکەن ئارەزوومەندن یان لاوازن و دەیانەوێ جەستەیان بەهێز بێت، ئەوانەی دەیانەوێ ببن بە پاڵەوانی یارییەکە ژمارەیان کەمە.

ئەحمەد شێروان یاریزانێکی نوێی کیک بۆکسینگە، دەڵێ ئامانجی ئەوەیە پەرە بە لەشولاری خۆی بدات و لە ماوەی سێ مانگی داهاتوودا قاچەکانی بەهێز بکات.

سەعد سەعید یەکێک لە ڕاهێنەر و یاریزانەکانی ئەم یارییەیە و ئێستا خاوەنی هۆڵی تایبەت بەخۆیەتی و پێی وایە خاڵی گرینگ ئەوەیە بە شێوەیەکی زانستی و تەندروست ئەو یارییە فێری گەنجان بکەن. دەشڵێ کردنەوەی هۆڵ لایەنی بازرگانی و وەرزشی لەخۆ دەگرێت، دووپاتی دەکاتەوە بەلای ئەوانەوە وەرزش لە پلەی یەکەمە.

محەمەد شەمسەدین یەکێکە لە یاریزانە بەشدارەکانی هۆڵی کیک بۆکسینگ و باس لە مەبەستی بەشداریکردنی دەکات لەو یارییە و دەڵێ ئارامیی زۆری پێ بەخشیوە، بۆیە ڕۆژانە سەردانی هۆڵێکی وەرزشی دەکات.

## کچە هەولێرییەک لە نەرویج

# لە 16 ساڵی بڕوانامەی B لە ڕاهێنانی تۆپی پێ بەدەست دەهێنێ

**هێمن ئەسکەندەر**

دوای ئەوەی تووشی پێکانێکی گەورە هات، بێ ئومێد دەبێ و خەریک بوو واز لە تۆپی پێ بهێنێت، بەڵام لە جێی ئەوە بڕیاری دا ئاراستەیەکی نوێ لە جیهانی تۆپی پێ بدۆزێتەوە، تا بەردەوام بێت، بۆ ئەوەش ڕووی لە ڕاهێنەرایەتی کرد.

لەنیا قەیس بلباس کچە یاریزانێکی هەولێرییە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٧ی شاری ئۆسلۆی پایەتەختی نەرویجە، کاتێک نەیتوانی بەهۆی پێکانەوە وەک یاریزانی تۆپی پێ بەردەوام بێت، لە ڕێگەی فیدراسیۆنی تۆپی پێی نەرویجەوە دەستی کرد بە وەرگرتنی خولەکانی ڕاهێنان.

لە خولەکانی ڕاهێنەرایەتیی بنەڕەتییەوە دەستی پێ کرد، دوای چەندین خول توانی بەشداریی خولی «سی»ی ئەورووپی بکات و بڕوانامەکە بەدەست بهێنێ، دواتر داواکاریی پێشکێش کرد بۆ خولی «بی»ی ئەورووپی، کە خولێکی زۆر بەهێزە بەدواداچوون و داواکاریی زۆری لەسەرە، زیاتر لە ٤٠٠ داواکار هەبوون و تەنها ٥٠ کەس هەڵبژێردران.

ئەو ڕاهێنەرە گەنجە بۆ (گڵکەند) دەڵێ «دەمزانی کە ڕکابەریکردن لەو خولە زۆر سەخت دەبێت، بەڵام بە پاڵپشتییەکانی خێزانەکەم بڕیاری خۆم دابوو، وەک بچووکترین کەسی ناو خولەکە توانیم بڕوانامەکە بەدەست بهێنم، کە تەمەنم تەنیا ١٦ ساڵ بوو، لەم ڕێگەیەشەوە زۆر شتی نوێ فێر بووم».

دەشڵێ ئێستا فێری تەکنیکە پێشکەوتووەکانی تۆپی پێ بووە، فێر بووە چۆن شیکاری بۆ یارییەکان بکات، چۆن ئاستی یاریزان بەرەوپێش ببات و پلانی کارکردن بۆ ڕاهێنەران دابنێت. هەروەها چۆن لە کاتی ڕاهێنەرایەتیدا زاڵ بێت بەسەر ئەو فشارانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە.

لەنیا دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی، ئێستا بووەتە ڕاهێنەری کچانی یانەی (کلێمسردودە) و ماوەیەکیش وەک ئەندامی دەستەی کارگێڕیی ئەو یانەیە کاری کردووە.

باوکی لەنیا کە ناوی قەیس بلباسە، یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر بووە و جگە لەوەی لە نەرویج سەرۆکی یانەی چوارچرای کوردستانە، کە یانەیەکی کوردییە و ماوەی چەندین ساڵ وەک سەرۆک و ڕاهێنەری یانەکە کار دەکات، چەند ساڵێکیشە سەرقاڵی بڕوانامەی «سی و بی» ئەورووپییە و ئێستا خاوەن هەردوو بڕوانامەکەیە و پاڵنەرێکی بەهێزی کچەکەیەتی لە بەدەستهێنانی بڕوانامەکانی ڕاهێنەرایەتی.






لەنیا بلباس چەندین بڕوانامەی ڕاهێنانی تۆپی پێی بەدەست هێناوە

خاوەن ئیمتیاز:
**دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ**

سەرنووسەر:
**ڕێبەند سەعدوڵا**

دیزاین:
**ئاراس ئەکرەم**

لۆگۆ و خۆشنووسی:
**بژار ئەربیلی**

دەستەی نووسەران:
**نازم دڵبەند**
**هەژار مەجید**


کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper
published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (8), Wednesday 15/1/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند



کە دەچمەوە ماڵێ
هەولێرێ
خەیاڵم
پێش من
لە ئاسمانە
ئەوکاتە حەز دەکەم ماڵیشم لە ئاسمان بێت:
هەموو جارێک
کە دەچمەوە ماڵەوە
لە هەولێرێ
یادەوەرییەکانم
باڵیان لێ دەڕوێ
دیمەنێکی زۆر جوانە
کە دەیبینم
خێراتر
لە با، لە من، لە فڕۆکە
ئاسمان دەبڕن

جەلال بەرزنجی

وێنە: ماریا کەمال